# (ناڵەی پیری پیران ) ی ـ پیرەمێرد ـ لە ئاوێنەی فەلسەفەی ئاییندا
## لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەی فەلسەفییە


پ.ی.د. دەریا جەمال حەویزی

زانکۆی کۆیە

فەکەڵتی پەروەردە

بەشی زمانی کوردی


**پێشەکی:** لەکۆتایی سەدەی هەژدەهەمدا زاراوەی فەلسەفەی ئایین وەك جۆرێك لەفەلسەفە هاتە کایەوە کەوا پشت دەبەستێت بەئەقڵ لەلێکدانەوەی پیرۆزییەکان و شیکردنەوەی بیروباوەرە ئاینییەکاندا.

بەلای شارەزایانی ئەو بوارە، چەند بابەتێك هەن کەوا لای پەیرەوکەرانی ئایینە جیاوازەکاندا دەردەکەون، وەك بوونی خودا، پارانەوەو پەنابردن بۆ خودا، راستی باوەرو جۆرەکانی، سروش و پەرجوو ... هتد.

پیرەمێرد[1]ی شاعیریش وەك بیرمەندێك لەزۆر لەشیعرەکانیدا بیروڕای خۆی سەبارەت بەو بیرورا چەوت و ناراستانە دەخاتەروو کەوا سەبارەت بەدیاردە ئاینییەکان لەناو کۆمەڵگای کوردیدا دەردەکەوێت، و هەوڵیداوە بەبەڵگەوە راستی و ناراستی ئەو بۆچوونانە دەستنیشانبکات، بۆ نموونە لەو دەقەیدا کە بە (ناڵەی پیری پیران)

---

[1]) پیرەمێرد ناوی تۆفیق ە کوڕی مەحمود ئاغای هەمزاغای مەسرەفە، ... لە ساڵی ١٢٨٨ ی هیجری (١٨٦٧/ ١٨٦٨) لە گەڕەکی گوێژە لە شاری سلێمانی هاتۆتە دنیاوە، لەسەر نەریتی سەردەمی خۆی لە چەند حوجرەیەکی شاری سلێمانی خوێندوویەتی، ئەوسا چۆتە مزگەوت و بووە بە فەقێ، سەرەتا لە مزگەوتەکەی خۆیان – مزگەوتی هەمزاغا – خوێندوویەتی و پاشان بەپێی پێڕەوی گەڕانی فەقێی ئەوسا چۆتە شاری بانەو لەوێش خوێندوویەتی، لە ١٩ی حوزەیرانی ١٩٥٠ دا لە تەمەنی ٨٣ ساڵیدا لە شاری سلێمانی کۆچی ماڵاوایی لە عالەمی شیعرو ئەدەب ئەکاو لە گردی (مامە یارە) کە کەوتۆتە ڕۆژهەڵاتی شارەکەوە، لە سەر وەسیەتی خۆی ئەنێژرێ. بڕوانە : ئەدەبیاتی نوێی کوردی، دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسوول، مطبعة التعليم العالي، اربيل، ل. ٥٥ و مێژووی ئەدەبی کوردی (مێژوو، ئەدەب، زانیاری) نووسینی مامۆستا عەلائەدین سەججادی، بڵاوکراوەی کوردستان، سنە، ١٣٨٩ هـ، ل. ٤٤٥.




کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)

e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ناونراوەو لە (١٦) بەشی جیا پێکهاتووە[٢]، لێکدانەوەو شرۆڤەی ورد بۆ هەریەکە لەو مەسەلانە دەکات کەوا پەیوەستن بەبیروڕای ئایینەوە، کە لەسەرەوە ئاماژەیان پێکرا.

جا لەبەرئەوەی بەرای ئێمە لەم سەردەمەدا زۆر پێویستمان بەجۆرێك بیرکردنەوەی ناتەقلیدی هەیە بۆ شیکردنەوەی لایەنە شاراوەکانی ئایین بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو بیرە توندڕەوییەی ڕەوتە توندڕەوەکان دەیگرنەبەرو بەهۆیەوە گشت هیواو ئاواتی گەنجان دەدزن بۆ مەرامی تایبەتی خۆیان، دەکرێت لێکدانەوەو شیکردنەوەی بەرهەمەکانی کەسانی وەك (پیرەمێرد) کەم یان زۆر بەشێك لەو پێویستییە پڕ بکاتەوە، لەمەوە ئەو ناونیشانە بۆ لێکۆڵینەوەکە هاتەکایەوە.

لێکۆڵینەوەکە دابەش دەکرێت بەسەر سێ بەشی سەرەکیدا:

بەشی یەکەم (ناساندنێکی گشتی بۆ فەلسەفەی ئایین).

بەشی دووەم (بنەماکانی ئایین و کاریگەرییان).

بەشی سێیەم (بنەماکانی فەلسەفەی ئایین لە دەقی (ناڵەی پیری پیران) ی پیرەمێردا).

دواتریش لیستی سەرچاوەکان و پوختەی لێکۆڵینەوەکە بەهەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی بەرچاودەکەون.

## بەشی یەکەم
## ناساندنێکی گشتی بۆ فەلسەفەی ئایین

لەسەرەتای ئەو باسەدا پێویستە هەڵوەستەیەك لەسەر هەردوو زاراوەی (فەلسەفە) و (ئایین) بکەین و دواتر بەرەو لق و پۆپەکانی لێکۆڵینەوەکە شۆڕبینەوە، ئەگەر قسە لەسەر فەلسەفە بێت، دەتوانین لەسادەترین ناساندنیدا بڵێین:" وشەی فەلسەفە وشەیەکی یۆنانییە لەدوو کەرت پێکهاتووە :- فیلۆ Philo بەواتای حەزکردن. سۆفیا Sophy بەواتای دانایی. کەوا بوو وشەکە بەهەردوو کەرتییەوە مانای حەزکردن لەدانایی دەبەخشێ .. ئەو کەسەش حەز لەدانایی بکات پێی دەوترێ فەیلەسوف"[٣]، ئەمە وەك لێکدانەوەیەکی فەرهەنگی بۆ زاراوەی فەلسەفە، بەڵام ئایین جۆرێکە لەپابەندبوون و وابەستەی کۆمەڵایەتی،" ئایین بەشێکی گرنگ لەژیانی ڕوحی مرۆڤ داگیردەکات بەهۆی ئەوەی جۆرێکە لەجۆرەکانی هۆشیاری کۆمەڵایەتی، لەهەندێك لەقۆناغە مێژووییەکاندا ئایین بەشی سەرەکی ئەم تێگەیشتنەی پێکدەهێنا. بەڵام ناتوانین بڵێین کەوا ئایین لەئەزەلەوە هەبووە، ڕەگی زانستی هاوچەرخ دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی کۆمەڵگا سەرەتاییەکان، لەو سەردەمەدا پێویستی مرۆڤ بۆ هۆشیاری و لێکدانەوەی دیاردەکانی جیهانی دەوروبەرو چالاکی مرۆڤایەتی دەرکەوت، جا لەبەرئەوەی زانیاری پێویست لەبەردەستدا نەبوو، هەروەها لایەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی پێشکەوتوو نەبوو، بۆیە مرۆڤ نەیدەتوانی لێکدانەوەی زانستی بۆ جیهانی دەوروبەر بکات، بۆیە ئەو جیهانەی بەبەراورد بەخۆی

[٢] دیوانی پیرەمێرد، کۆکردنەوەو ساغکردنەوەی: فایەق هۆشیار، مستەفا ساڵح کەریم، مەحمود ئەحمەد محەمەد، محەمەد نوری تۆفیق، ئەحمەد زرنگ، لەسەر ئەرکی کتێبخانەی ئارام لە چاپ دراوە، ٢٠١٦.

[٣] سەرەتایەك لە فەلسەفەی کلاسیکی یۆنان، حەمید عەزیز، لە بڵاوکراوەکانی کتێبفرۆشی سۆران ـ هەولێر، ٢٠٠٥، چ. ٢، ل. ٢٧.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

لێکدەدایەوەو توانای لەڕادەبەری بۆ دەدۆزییەوە، مرۆڤی کۆن بەهۆی بێهێزی خۆی لەبەرامبەر هێزی سروشت و دیاردەکانی وەك باران، بروسکە، ڕووبار، ڕووەك، بەرد... هتد، ناچاربوو هەندێك لەوانە بپەرستێت بەو نیازەی لێی ڕازی بن و بیپارێزن"[٤]، ئەم پێناسەیە ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە کۆمەڵگا سەرەتاییەکان خودای خولقێنەریان نەناسیووە، بەڵام لەهەوڵدابوون بۆ گەڕان بەدوای هێزێکی باڵاتر لەخودی مرۆڤ وەك هۆکاری دروستبوون، بەمشێوەیە بەدرێژایی مێژوو پرسی بوونی خوداو ماناکانی کۆڵەگەیەکی گرنگی بەشێکی زۆری ئایینەکانی پێکدەهێنا، و ئەم بابەتە هەر لەمێژەوە مشتومڕی زۆری لەسەر کراوە، ئەو مشتومڕەش بابەتێکی نەبڕاوەیە تا ئەمڕۆ، و" ئەوانەی لەبواری فەلسەفەی ئاینییان کۆڵیوەتەوە هەمیشە بەدوای ئەوەدا گەڕاون کە لەبونیادەکانی ئایین بکۆڵنەوەو لەبوونی خوداو سیفەتەکانی خوداو ئەزموونی ئایینی بکۆڵنەوە. فەیلەسوف بەجیاوازی لەگەڵ بڕواهێنەرێکی ئاسایی و پیاوێکی دینی لەم پرسیارانە قووڵبۆتەوە: کە ئایا چ پەیوەندییەك هەیە لەنێوان ئایین و زانست، ئایین و ئەخلاق، ئایین و سروشتدا.. لەهەمانکاتدا، بەدرێژایی مێژوو فەیلەسوفان هەوڵیانداوە لەوە بگەن کەمرۆڤ بۆچی قووڵدەبێتەوە بەرەو ناخی خۆی و بۆچی مرۆڤ لەم زەمینە بەرینەدا دەگەڕێتەوە بۆ خوداو چ تەسکینییەك لەو پەیوەندییەدا دەبینێ و چ پەیوەندییەك هەیە لەو جۆرە باندەی کەمرۆڤ دەگەڕێنێتەوە بۆ هێزی باڵاتر. گرنگترین پرسیاری فەیلەسوفەکانی سەردەمی نوێ، ئەوەیە کە مرۆڤ پاش ئەوەی لەئاییندا تووشی نائومێدی دەبێت، پەنا دەباتە بەرچی؟!چ دەرگایەکی دی دەکوتێ بۆ ئەوەی بزانێ مانای ژیان و خودا چییە؟!"[٥]، هەر ئەم پرسیارانەو گەڕان بەدوای وەڵامەکانییاندا چەندین فەیلەسووف و قوتابخانەی فەلسەفی لێکەوتەوە،" باسی پەروەردگار، خودا، کردگار، لەبنەڕەتدا کێشەیەکی فەلسەفی سەرەتاییە واتە کێشەی بوونێتییە Existential لە ناخی مرۆڤی باوەڕداردا کە پاڵی پێوە دەنێت و بوونی خۆی ڕاستەوخۆ دەبەستێتەوە بەبوونی خوداوە، چونکە دەبێت ئەفراندن تەنیا خەسڵەتی کەسێکی تری باڵا بێت کەخۆی هەماهەنگ Identiec و هاوچەشن نییە لەگەڵ ماتێری و ئەو شتانەی کە هەن، بەڵام ئەمە لێرەدا باسەکە کۆتایی نایەت، بەڵکو پرسیارگەلی تر سەر هەڵدەدەن، وەك: چۆن پەی بەو ڕاستییە ببەین؟ چۆن ئەو کردگارە بناسین؟ تا چەند تواناو وزەی ئەقڵیمان هەیە بیناسین؟"[٦]، بۆ نموونە هەروەکو دەبینین:-" فەلسەفەی کانت لەسێ پرسیاردا کۆ دەبێتەوە: یەکەم: دەتوانم چی بزانم؟ دووەم: دەبێت چۆن هەڵسوکەوت بکەم و چی بکەم و پرسیاری سێیەمیش: دەشێت هیوام بەچی هەبێت؟. دیارە پرسیارەکان خۆیان لەقەرەی فەلسەفەی زانستی و توانستی ژیری و ئاوەز، فەلسەفەی ئاکارو ڕەوشت و سێهەمیشیان باس لەفەلسەفەی ئایین دەکات. کەواتە پرسی هیوا پرسێکی ئایینی لەپشتەوەیە ..."[٧]، هەر لەسەر بنەمای ئەم پرسیارو وەڵامانەش ئایینەکان دەرکەوتن، دواتریش جۆرێك لە فەلسەفە بە ناوی فەلسەفەی ئایین هاتەکایەوە،" فەلسەفەی ئایین لێکۆڵینەوەیەکی ئەقڵییە بۆ ئەو واتاو لێکدانەوانەی کەوا بنەماکانی ئایین و شیکردنەوەکانی بۆ دیاردە سروشتییەکان و دیاردەکانی

---

[٤] أطلس الفلسفة، بيتر كونزمان، فرانز- بيتر بوردكارد، ترجمة: د. جورج كتورة، المكتبة الشرقية، بيروت – لبنان، ٢٠١٢، ل. ١٩٧- ١٩٨.

[٥] داهێنان و مەرگ، لێکۆڵینەوە، سەلاح حەسەن پاڵەوان، لە چاپکراوەکانی پرۆژەی یانەی قەڵەم، چاپی دووەم، چاپخانەی یاد، ل. ١٣٢.

[٦] فەلسەفەی ئایین، فەلسەفاندنی چییەتی و پێکهاتەکانی ئایین، نەوزاد جەمال، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپخانەی سەردەم، کوردستان – سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠١٦، ل. ١٠٠.

[٧] هەمان سەرچاوە: ل. ٤٥، ٤٦.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

سەرووی واقیع، لە نموونەی خەڵقکردن و مردن و بوونی خودا دەیکەن، فەلسەفەی ئایین لقێکە لە فەلسەفە تایبەتە بە پرسیارەکانی پەیوەست بە ئایین، وەك بوونی خوداو شیکردنەوەی دەقە ئاینییەکان و پەیوەندی ئایین بە زانست"[٨].

لای هەمووانیش ئاشکرایە هەموو بوونەوەرێك لەجیهاندا لەلایەن هێزێکی باڵاوە خوڵقێنراوە، جا مرۆڤ وەك زیرەکترینی ئەم بوونەوەرانە هەردەم لەهەوڵدا بووە ئەو خوڵقێنەرە بدۆزێتەوە کەهەموو ئەو جیهانەی دروستکردووە کەدەبینین و هەستی پێدەکەین، بەردەوام بەدوای وەڵامی پرسیارگەلێکدا گەڕاوە لەشێوەی ئەوەی کێ ئەم و ئەو گەردوونەی دروستکردووە؟ بۆ دروستی کردوون؟ و زۆر پرسیاری تری لەمشێوەیە، وەڵامی ئەم پرسیارانە ئایدۆلۆژیاو ئایین و بیروباوەڕی جیاجیای لێدەرکەوت، و" لەم هەسارە سەیرو سەمەرەیەدا، مرۆڤ لەبەرەبەیانی ژیانییەوە هەوڵ و کۆششی سەرسوڕهێنی داوە بۆ دۆزینەوەو پشکنین و هەڵماڵینی نهێنییەکانی بوون. چەمکی"خودای ئەفرێنەر" و چیرۆکی ئەفراندن ـ خەلق ـ نموونەی ئەو هەوڵە سیمبولیەی مرۆڤن بۆ بەدەستهێنانی وەڵامێك سەبارەت بەهاتنەبوون"[٩]، کەواتە دەتوانین بڵێین مرۆڤ لەدێر زەمانەوە بیری لە چۆنییەتی دروستبوونی خۆی کردۆتەوە بیری لەوە کردۆتەوە،" چی هەبووە پێش ئادەم، پێش فریشتە، پێش جنۆکە، پێش پێغەمبەران، پێش ئاسمانەکان و زەوی، پێش هەورو لم و دەریاکان... چی هەبوو پێش هەموو شت.!؟ تاکە وەڵامێك لەزمانەکانەوە بەیەك دەنگ دەردەچێت و دەڵێت: خودا بەتەنها هەبوو"[١٠]، ئەو بابەتە بەدرێژایی مێژوو جێگەی بایەخی فەیلەسووفان بووە، بۆ نموونە" تالیس کە ناسراوە بە باوکی زاناکان لەسەدەی شەشەمی (پ.ز) ئەژیا، ... لەبڕواکانی تالیس ئەوە بوو کە تەواوی شتەکان پڕن لەخودا، ئەو موگناتیس بەهۆی ئەوەی کە ئاسن ئەهێنێتە جووڵە، بەخاوەن ڕۆح ئەزانێ، تالیس لەگەڵ ئەوەشدا کە دەڵێت هەموو شتێك پڕە لەخودا ئیدی بەپێویستی نەدەزانی کە چەندین خودای دروستکەر دانێت بۆ ئەم دونیایە، وە باوەڕی بەخودایەکی تەنیا هەبوو"[١١]، هەروەها هەردوو گەورە فەیلەسوفی یۆنانی ئەفلاتون و ئەرەستۆ هەریەکەیان لێکدانەوەی خۆیان هەبووە لەمبارەیەوە، هەروەکو" بیرکردنەوەی ئەفلاتون بەرەو هەستکردن بەبوونی خودایەك دەڕوات بۆ ئەو گەردوونە، کە کاری گەردوون ڕێکدەخات و بەڕێوەی دەبات، و بۆ خوێندکارەکانی باس دەکردو دەیگوت: ئەو جیهانە خاوەنی بەهرەدارێکە کە خۆی ئەبەدییە، زانیاری لەهەموو شتێکدا هەیە"[١٢]، ئەمەش ئاماژەیەکی سەرەتاییە بۆ ئەم خودا خوڵقێنەرەی ئەمڕۆ لەئایینە ئاسمانییەکاندا دەردەکەوێت، هەروەها ئەرەستۆ لێکدانەوەو ڕاڤەیەکی تری هەیە سەبارەت بەخوڵقێنەرو" پێیوایە خودا جوڵێنەری هەموو شتێکەو تەنها خۆی ناجووڵێت، هەموو جوڵاوێك کەسێك بێت یان شتێك یان بیرۆکەیەك، شتێك دەجووڵێنێت و ئەمیش شتێك دەیجووڵێنێت، گاسن خاك دەجووڵێنێت، دەست گاسن، ئەقڵ دەست دەجووڵێنێت، حەزکردن لەخواردن

[٨]) فلسفة الدین، www.ar.m.Wikipedia.org

[٩]) دەربارەی چەمکی خودا لە ئایینەکان و قۆناغی بەر ئایینەکاندا، نەوزاد جەمال، گ. کەوانە، ژ. ٣، ساڵی یەکەم، ئەیلولی ٢٠١١، ل. ١٠٢.

[١٠]) قراءة جدیدةو رؤیة في قصص الأنبیاء، عمرو خالد، ط. ٢، دار المعرفة للطباعة و النشرو التوزیع، بیروت ـ لبنان، ٢٠٠٦، ل. ٣٠.

[١١]) قوتابخانە فەلسەفییەکان، میهرداد میهرین، وەرگێڕانی سیدۆ داود عەلی، لە بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، ٢٠٠٩، ل. ٧، ٨.

[١٢]) الله عند أفلاطون، شرکة مفکرة الإسلام، www.islammemo.cc



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ئەقڵ دەجووڵێنێت، وە غەریزەی حەزکردن لەژیان خواردن دەجووڵێنێت، ... بەمشێوەیە، واتا بەدەربڕینێکی تر، ئەنجامی هەموو جووڵەیەك ئارەزوویەکە، و گەورەی هەموو بەندەیەك خۆی بەندەی گەورەیەکی ترە، هەتا خودی دکتاتۆر بەندەی ئارەزووەکانییەتی، بەڵام خودا گەورەی هەموو گەورەکانەو سەرچاوەی فکرەکانە، جوڵێنەری هەموو سەرچاوەو کارەکانە، ئەو گەورەی ئەو جیهانەیە کەخۆی ناجووڵێت"[١٣]، ئەمەش بیرکردنەوەیەکی سەرەتاییە سەبارەت بەم هێزە باڵادەستەی کەخوڵقێنەری گەردوونە، جا لەبەرئەوەی ئایینی ئیسلامیش ئایینی ڕێژەی هەرە زۆری دانیشتووی باشووری کوردستان پێکدەهێنێت، هەروەها (پیرەمێرد)ی شاعیریش موسوڵمان و (حاجی) بووە، بۆیە پێویستە زیاتر لەسەر ئایینی ئیسلام بوەستین.

ئاشکرایە بەلای ئێمەی موسوڵمانەوە ئەو هێزە باڵایەو ئەو خوڵقێنەرو ئەفرێنەری ئەو گەردوونەی دروستکردووە، بریتییە لەخودای تاکوتەنها، ئەم بیروڕایانەش لەقورئاندا سەبارەت بەبڕواهێنان بەخودای گەورە، زۆر بە ڕوونی لە دەقی ئەدەبی کوردیشدا ڕەنگیداوەتەوە :-" لە ئەدەبی کوردیدا دەتوانین (مەم و زین) ی ئەحمەدی خانی بە نموونە بهێنینەوە ... ئەوەی کە خانی ناوی خواو پێغەمبەرو بەدبەختی کوردان دەهێنێ، بەمانای ئەوەیە دنیابینییەك هەبووە کەتەفسیری بوونی خوای کردووە"[١٤]، بابەتی بوونی خودا، بریتییە لەمەسەلەی باوەڕهێنان بەبوونی خودایەکی خوڵقێنەر، سەبارەت بە - پیرەمێرد – یش دەگوترێت:" مێژووی ئەدەبی کوردی کە ئەم شیعرانەی پیرەمێرد ئەبینێ ئەوەی بۆ دەرئەکەوێ کە پیرەمێرد شۆڕشێکی خستە عالەمی ئەدەبی کوردییەوە، شۆڕشی ئەوەی هێنایە ناوەوە، ڕچەی شکاند بۆ ئەوە کە شیعر بۆ جوانی عیبارەیە گرت دانەنراوە، بەڵکو شیعر دەردو ئازار، یا خۆشی و ئێشی بازار پیشان ئەدا ئەبێ لە عیبارەتێکی سادەی وەهادابێ کە ناو بازاریش لێی تێ بگا، هات بەبێ ئەوەی خۆی عەزیەت بدا ئەم ڕێچکەی گرت و ئەم ڕچەیە شکاند، دەستی دا بە دانانی شیعری ڕەوانی وەهاوە کە هێزی مەعنای گەلێ لە جاران بەپێزتر بێ"[١٥]، سەبارەت بەو کۆمەڵە قەسیدەیەش کە لەژێر ناونیشانی (ناڵەی پیری پیران) هۆنراوەتەوەو کەرەستەی ئەم لێکۆڵینەوەیە پێکدەهێنێن، د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ دەڵێت:" ناتوانین بڵێین پیرەمێرد شاعیرێکی تەواو سەر بە تەسەوفە، بەڵێ لە زۆر لێکدانەوەی ژیانیدا ئەنجام موسڵمانانە بۆ لێکدانەوەی ژیان ئەچێت و ڕێگەی خواپەرستی و لەخوا ترسی ئەگرێت، هەر لێکدانەوەی بوون و ژیان لای پیرەمێرد بەرەو لێکدانەوەی موسڵمانانەو تەنانەت سۆفیانەش ئەچێت، ئەمجۆرە بۆچوونانەش لەو کۆمەڵە قەسیدانەیدا دیارە کە ناوی (ناڵەی پیری پیران) یان لێنراوە - بەڵێ وشەو دەربڕینی لەم پارچانەدا ساکارن، بەڵام مانای قووڵەو لەگەڵ لێکدانەوەو قووڵی شیعری شاعیرە سۆفییەکانی کوردو موسوڵماندا یەك ئەگرێتەوە ... "[١٦]، هەر ئەوەش هۆکاری هەڵبژاردنی ئەو ناونیشانە بوو بۆ لێکۆڵینەوە.

---

[١٣]) أرسطو .. و ماهية الله، عبير عبدالرحمن، Abeerabulrahman/ www.facebook

[١٤]) نووسین و بەرپرسیاری، ڕێبوار سیوەیلی، چاپ و بڵاوکردنەوەی چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل. ٧٦، ٧٧.

[١٥]) مێژووی ئەدەبی کوردی (مێژوو، ئەدەب، زانیاری)، ل. ٤٥٤.

[١٦]) ئەدەبیاتی نوێی کوردی، ل ٦٦.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## بەشی دووەم
## بنەماکانی فەلسەفەی ئایین

بێگومان ئایینەکان جۆراوجۆرن و قسەی زۆر هەڵدەگرێت، بەڵام سنووری لێکۆڵینەوەکەی ئێمە ئایینی ئیسلام دەگرێتەوە، لە ئایینی ئیسلامیشدا خودای تاکوتەنها خولقێنەری گەردوون و مرۆڤ و گشت بوونەوەرو گیانلەبەرانە، موسوڵمانان باوەڕییان بەیەك خودای تاکوتەنیا هەیە، بەڵام ئەگەر بڕوانینە بنەماکانی باوەڕ لە ئایینی ئیسلامدا دەبینین باوەڕهێنان چەند بەشێك لە خۆ دەگرێت، هەروەکو سەبارەت بەو بابەتە قورئانی پیرۆز دەفەرموویێت:- ﴿ آمَنَ الرسُولُ بِمَا أُنْزِلَ إِلَيْهِ مِنْ ربِّهِ و الْمُؤْمِنُون كُلٌ آمَنَ باللّهِ و مَلائِكَتِهِ و كُتُبهِ و رُسُلِهِ لا نُفَرقُ بَيْنَ أحَدٍ مِنْ رُسُلِهِ ...﴾[17]، واتە:-" پێغەمبەرو ئیمانداران باوەڕییان هەیە بەوەی لەلایەن پەروەردگارییانەوە هاتۆتە خوارەوە، هەموویان باوەڕیان هەیە بەخواو فریشتەکانی و کتێبەکانی و پێغەمبەرەکانی، دەڵێن هیچ جۆرە جیاوازییەك ناکەین لەنێوان هیچ پێغەمبەرێ لەپێغەمبەرەکانی خوادا"[18]، کەواتە دەتوانین بنەماکانی فەلسەفەی ئایین لە ئایینی ئیسلام لە بنەماکانی باوەڕ لە ئیسلامدا دەستنیشانبکەین، کە بریتین لە:

### ١. باوەڕهێنان بە خودای خولقێنەر:

یەکەم بنەمای باوەڕ لە ئایینی ئیسلامدا بریتییە لە باوەڕهێنان بە خودای تاك و تەنیا، کە ئەویش الله یە، لە ڕووی واتای فەرهەنگییەوە" الله ناوێکی تاکە و لە زمانی عەرەبیدا کۆ ناکرێتەوە، لە ئایینە یەکتا پەرستییەکان و سیستەمە باوەڕییەکانی تردا بەواتای پەرستراو و دروستکەر دێت، واتە یان تاکە پەرستراوە یان یەکێکە لە پەرستراوەکان لای ئەوانەی زیاتر لە خودای تاك و تەنها دەپەرستن. و زۆرجار لە وەسفی خودادا دەگوترێت کەوا دروستکەرو دەسەڵاتداری گشتەو سەرپەرشتیاری گەردوونە"[19]، لەزمانی کوردیشدا هەریەکە لەزاراوەکانی:- (خودا، پەروەردگار، خوداوەند، یەزدان، خودێ) بۆ خودای خولقێنەری تاکو تەنها بەکارهاتوون [20]، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا زاراوەی God بەکاردێت بەرامبەر بە: خودا، خوداوەند، پەرستراو، فەرمانڕەوای بە دەسەڵات، یان بە واتای ئەو هێزەی کە زۆربەی خەڵك باوەڕییان وایە کە گەردوونی دروستکردووەو کۆنترۆڵی دەکات، وەك لە ئایینەکانی یەهودی و مەسیحی و ئیسلامدا [21]، و لەفارسیشدا (خدا) بەکاردێت [22]، بەلای

---

[17]) قورئانی پیرۆز، سورەتی البقرة، ئایەتی ٢٨٥.

[18]) تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان، بورهان محەمەد أمین، پێداچوونەوەی لیژنەیەك، چ. ٢، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ڕۆشنبیر، سلێمانی – هەولێر، تهران، نقش و نگار، ٢٠٠٤، ل. ٤٩.

[19]) ویکبیدیا، الموسوعة الحرة، الله www.wikipedia.org

[20]) بڕوانە :ـ فەرهەنگی دەریا (عەرەبی ـ کوردی )، ب. ١، ئا :ـ رزگار کەریم، ناشر :ـ نەشری ئیحسان، کتابخانە ملی إیران، تهران، ٣٨٥، ل. ٤٠.

[21]) بڕوانە :ـ المورد، قاموس إنكليزي ـ عربي، منير البعلبكي، ط. ٤٩، دار العلم للملايين، بيروت، ٢٠٠٥، ص. ٣٩٣، و Macmilan English Dictionary For Advanced Learners. p. 646

[22]) بڕوانە :ـ فرهنگ فارسی ـ کوردی، بابان، شکرالله بابان، چاپ أول، انتشارات کردستان، سنندج، إیران، نوبت ١٣٨٣ هەتاوی، ل. ١٢٤.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

مەسیحیەکانیشەوە:ـ " وشەی الله God لە بنەڕەتدا لە کتێبی پیرۆزدا هاتووە، پێش هاتنی ئیسلام، وە نزیکەی ٢٢٤٦ جار هاتووە، هەروەکو لە ئایەتی یەکەمدا هاتووە"[٢٣]، لەوێدا لە بارەی خوداوە دەگوترێت:ـ" في البدء خلق الله السماوات و الأرض"[٢٤]، واتە لە سەرەتادا خودا ئاسمان و زەوی خوڵقاند، کەواتە لەم کتێبە ئاسمانییەشدا بڕوا بەبوونی خودایەکی دروستکەرو خوڵقێنەر هەیە. دوای ناسین و بڕواهێنان بە خودا، پێویستە بنەماو بنەڕەتەکانی باوەڕ پەیرەو بکرێن، موسڵمانان و پەیڕەوکەرانی ئایینە ئاسمانییەکانی تریش باوەڕییان بە بوونی یەك خودا هەیە کە خوڵقێنەری هەموو گەردوون و بوونەوەرەکانە، ئەم باوەڕەش بنچینەی سەرەکییە لە باوەڕهێنان،" بێگومان سەلماندنی بەشەکانی تری عەقیدە وەك باوەڕ بوون بە پێغەمبەرایەتی محمد (د.خ.) و باوەڕ بە ڕۆژی قیامەت و سەلماندنی ئەو ڕێبازو ڕێنموونییە دروستانەی کە پێغەمبەر (د.خ.) هێناونی، بێگومان ئەو بەشانەی تری عەقیدە جێگیرو پایەدارو دامەزراو نابن، تا بنچینەی یەکەمی عەقیدە دانەمەزرێت، کە ئەویش باوەڕ بە بوونی خودایە .. دەنا کەسێك شك و گومانی لەبوونی خوادا هەبێت و باوەڕی بە هیچ دین و ئاینێك نەبێت و نەیەوێت لەو بارەوە شت حاڵی ببێت، قسەکردن بۆی لە بارەی جوانی و جەماڵی ئیسلام و بێهاوتایی شەریعەتی ئیسلامەوە، بێکەڵك و بێسوودە "[٢٥].

## ٢.باوەڕهێنان بە پێغەمبەرانی خودا و کتێبە ئاسمانییەکان:

بیرکردنەوەی مرۆڤ لە بوونی خودا لە خاڵێکی تردا لە ئاماژە کردن بە پێغەمبەرو نێردراوانی خودا و کتێبە ئاسمانییەکان دەردەکەوێت، باوەڕهێنان بەمانە بنەمایەکی ترە لە بنەماکانی باوەڕ لە ئایینی ئیسلامدا، پێغەمبەر لە عەرەبیدا نبي، نبيء، رسُول ی پێدەگوترێت [٢٦]، هەروەها لە زمانی فارسیشدا بە (پیامبر، پیمبر) هاتووە [٢٧]، لە کوردیشدا هەریەکە لە زاراوەکانی :ـ (پێشبین، پەیامبەر، پێغەمبەر، پەیام هێنەر، نێراو، نوێنەر، مژدەهێن، ڕابەر، هەواڵبەر، پەیامگەیین) ی بەرامبەر دێت، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا پێی دەگوترێت :ـ" Prophet :ـ کەوا بەلای هەندێك لە ئایینەکانەوە، ئەو کەسەیە کە لەلایەن خوداوە نێردراوە، بۆ ئەوەی خەڵك فێری بیرو باوەڕی ئایینی بکات"[٢٨].

جێگەی ئاماژە پێکردنە، خودا لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژەیکردووە بەبیست و پێنج پێغەمبەرو نێردراوو بانگخواز، وەکو:- نوح، إبراهيم، إسماعيل، يوسف، ئەیوب، موسا، عیسا، محمد(د.خ.)، ئەم پێغەمبەرانە خاوەنی

---

[٢٣]) www.st-takla.org Al-Ketab-Al-Mokaddas .

٢٤) الكتاب المقدس، كتاب الحياة، أي كتب العهد القديم و العهد الجديد، و قد ترجم بلغة عربية حديثة، تم جمعه في جي. سي. سنتر، ط. ٤، مصر الجديدة، القاهرة، ١٩٩٤، كتاب التكوين، ص. ١.

[٢٥]) بوونی خوا، شێخ الإسلام د. يوسف القرضاوي، و. حسن پێنجوینی، پێداچوونەوەی قانع خورشید، چ. ٢، پرۆژەی بیری میانرەو، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی هەورامان، ٢٠١٢، ل. ٢٣.

[٢٦]) فەرهەنگی دەریا، ( عەرەبی ـ کوردی )، ب.١، ل. ٣٢٥، ١٤١٣.

[٢٧]) فرهنگ فارسی ـ کوردی، بابان، ل. ٦٥.

[٢٨]) Macmilan English Dictionary For Advanced Learners , p. 1190.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

کتێبی ئاسمانی بوون کە لە لایەن خودای گەورەو لە ڕێگەی سروشەوە و بۆیان دابەزیووە، ناوەڕۆکی ئەم کتێبانە بریتیبوون لە فەرمان و ڕاسپاردەکانی خودا بۆ مرۆڤایەتی و چۆنیەتی خوداپەرستی و بنەماکانی باوەڕ، باوەڕهێنان بەو پێغەمبەرانە بریتییە لە بنەمای چوارەم لە بنەماکانی باوەڕ، و پێوستە لەسەر موسڵمانان باوەڕیان هەبێت بە پێغەمبەرانی خوداو بە کتێبە ئاسمانییەکان، کەوا هەندێك لەم کتێبانە لە قورئاندا ناویان هاتووە، وەك: تەورات بۆ موساو ئینجیل بۆ عیساو زەبور بۆ داود، صوحوف بۆ ئیبراهیم، و قورئان کە بۆ سەروەرمان پێغەمبەری ئیسلام محمد (د.خ.) دابەزیووە، دیارە ئەرکی سەرەکی پێغەمبەران (ر.خ) بریتی بوو لە بانگکردنی خەڵك بۆ خوا بەیەك ناسین، هەروەکو خودای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموویێت: (لَقَدْ أَرسَلْنَا نُوحًا إِلَى قَوْمِهِ فَقَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُمْ مِنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ ...[29]، واتە: ئێمە نووح مان نارد بۆ گەلەکەی و گوتی: ئەی خزمینە، تەنیا خوا بپەرستن، جگە لەو هیچ خوایەکی ترتان بۆ نییە [30].

پێغەمبەران زۆرن، هەروەك ئاشکرایە محمد (د.خ.) پێغەمبەری ئیسلامە، و" بیروباوەڕی ئیسلام دەربارەی خودا لە قورئان و فەرموودەدا دەرکەوتووە، موسوڵمانان باوەڕیان وایە کە قورئان وشەی خودایە کە بۆ پێغەمبەر نێردراوە، و فەرموودەکانیش بریتین لە وتەکانی محمد (د.خ.)"[31]، لەسەر ئەم بنەمایەش زۆرجار لە ئەدەبی کوردیدا ئاماژە بە ناوی پێغەمبەر یان بە قورئان یان بە زاراوەیەکی تایبەت بەم کتێبە ئاسمانییە پیرۆزە کراوە.

### ٣. باوەڕهێنان بە بوونی فریشتەکان : ـ

جگە لە مرۆڤ و بوونەوەرانی تری سەر زەوی، فریشتەکانیش بوونەوەری ترن کە دروستکراوی خودان، کەوا جگە لە فریشتە زۆرجار بە پەری، مەلائیکەش ناودەبرێن، و لە زمانی عەرەبیدا بە ملاك[32]، و هەروەها لە فارسیشدا بە فرشتە دەناسرێن[33]، وە لە زمانی ئینگلیزیشدا پێیان دەگوترێت Angel کە لە لێکدانەوەی واتاکەیدا دەگوترێت :ـ" فریشتە ئەو ڕۆحەیە کە هەندێك ئایین باوەڕیان وایە لەگەڵ خودا لە ئاسمانن، کاتێك وێنەیان دەکێشرێت وەك خەڵکێك پێشاندەرێن کە دوو باڵیان هەیە"[34].

لە بنەماکانی باوەڕی ئایینی ئیسلامدا بەمەرج گیراوە کە باوەڕمان بە بوونی فریشتە هەبێت، مەسەلەی باوەڕهێنان بە فریشتەکان بریتییە لە باوەڕهێنان بەوەی کە خودا فریشتەکانی لە ڕووناکی خوڵقاندووە، کە لە فەرمانی خودا لانادەن، و هەڵدەستن بەو کارانەی کە خودا فەرمانییان پێدەکات بۆ ئەنجامدانییان، هەموو فریشتەکان میهرەبانن و خۆشەویستن لە لای خوداو لای موسوڵمانانیش، جگە لە (ئیبلیس ـ شەیتان) کە لە ڕێزی فریشتەکان دوورخرایەوەو لە ڕیزی فریشتەکان بێبەریکرا، هەروەکو قورئانی پیرۆز لەمبارەیەوە

---

[29]) قورئانی پیرۆز، سورەتی الاعراف، ئایەتی ٥٩.

[30]) بڕوانە : بوونی خوا، شيخ الإسلام د. يوسف القرضاوي، و. حسن پێنجوینی، پێداچوونەوەی قانع خورشید، ل. ٢٨.

[31]) God_in_Islamwww.en.wikipedia.org .

[32]) بڕوانە : فەرهەنگی دەریا (عەرەبی – کوردی )، ب. ٢، ل. ١٣٣٤.

[33]) بڕوانە : فرهنگ فارسی – کوردی، بابان، ل. ٢٦٠.

[34]) Macmilan English Dictionary For Advanced Learners , p.50



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

دەفەرمووێت :ـ ﴿ و إذ قُلنا للمَلائِكة أسْجُدُوا لآدم فسَجَدُوا إلّا إبْليسَ أبَي و استَكْبر و كان مِن الكافرين ﴾[35]، تەفسیری ئەم ئایەتە بریتییە لە :ـ" کاتێکیش بە فریشتەکانمان وت : سوژدە بەرن بۆ ئادەم سوژدەیان برد، جگە ئیبلیس نەبێت کە سەرپێچی کردو خۆی بەگەورە زانی و خۆی خستە ڕیزی کافرەکانەوە"[36]، کەواتە لەم ڕەفتارەو لەم ساتەوە شەیتان" یەکەمین یاخییە کە قورئان هەندێکجار بە ئیبلیس و هەندێکجار بە شەیتان .. ناویدەهێنێت، ناوی ڕەسەنی پێش یاخی بوونی ئیبلیس ە، بەڵام شەیتان لە زمانی عەرەبیدا لە شگن، بە واتای دوورکەوتنەوە دێت، بە واتای دوورکەوتنەوە لە فەرمانی خودا و لە بەهەشت "[37].

## ٤. باوەڕهێنان بە ڕۆژی دوایی – ڕۆژی قیامەت :ـ

کاتێك کە باس لە مەرجەکانی خوداپەرستی و سزاو پاداشتەکانی خودا دەکرێت، دەبێت ئاماژە بەوەش بکرێت کەوا موسوڵمانان باوەڕییان بە ڕۆژی دوایی هەیە، ئەو ڕۆژەی کەوا جیهان کۆتایی دێت و مردووەکان هەموو زیندوو دەبنەوەو بەرەو حەشرو حسابی خودا دەچن و لەوێوە بەرەو بەهەشت یان دۆزەخ ڕەوانە دەکرێن، ئەمەش ئەو ساتە ڕوودەدات" کاتێك کە فریشتەی ڕاسپێدراو بە فووکردن، فوو دەکات و ژیان لە سەر زەوی بە تەواوی کۆتایی دێت"[38]، هەروەکو خودای گەورە لەمبارەیەوە لە قورئاندا دەفەرموێت:ـ ﴿ و نُفخَ في الصُّور فَصَعِقَ مَنْ فِي السَّمَاواتِ و مَنْ فِي الأرض إلّا مَنْ شاء اللّهُ ثمَّ نُفِخَ فِيهِ أُخْرَي فإذا هُمْ قِيام يَنظرون﴾[39]، واتە بە فووکردن لەو ئامێرەی دەنگ پەیدا دەکات و بە شەیپوور(صور) ناسراوە، ئەوانەی لە ئاسمانان و لە زەوییدان هەموو گیانیان لە دەستدەدەن، وە بە فووکردنێکی تر هەموویان زیندوو دەبنەوەو لەبەردەم خودادا بۆ حەشرو حیساب دەوەستن[40]، هەرچەندە هیچ کەس لەوێ نەهاتۆتەوەو کەس نازانێت ڕۆژی قیامەت چی ڕوودەدات، بەڵام ئەوەندە زانیارییەمان هەیە کە لەسەرچاوە ئایینەکاندا پێمانگەیشتووە، بەپێی زۆر لە ئایین و بیروباوەڕەکان، بە تایبەتی ئایینی ئیسلام کە ئایینی زۆربەی دانیشتووانی ئەم هەرێمەی ئێمە پێکدەهێنێت، پێویستە باوەڕمان بەوە هەبێت کە خوای گەورە لە ڕۆژی دواییدا هەموو مرۆڤەکان زیندوو دەکاتەوەو لەوێدا دوای لێپرسینەوە لە کردارییان بەسەر بەهەشت و دۆزەخدا دابەشییان دەکات، ئەوانەی کە باوەڕییان پتەوەو کردارەکانییان بەپێی ئایین و یاساکانی خوداو کتێبە ئاسمانییەکان پەسەند کراو بێت، ئەوا لە پاداشتی کارو ڕەفتارەکانییان بەرەو بەهەشت ڕەوانە دەکرێن، کە شوێنێکی پڕ لە باخ و درەخت و جوانییەو شوێنی خۆشی و کامەڕانییە، لەبارەی بەهەشتەوە ئایینی ئیسلام بۆمان دەگێڕێتەوە کەوا خودای گەورە باوکە ئادەمی لە بەهەشت خوڵقاندو دایکەحەواش لە جەستەی ئەوەوە خوڵقێنرا، بەڵام دوای ئەوەی فەرمانی خودایان شکاند لە بەهەشت دەرکران و

---

[35]) قورئانی پیرۆز، سورەتی البقرە، ئایەتی ٣٤.

[36]) تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان، ل. ٦.

[37]) قراءة جديدة و رؤية في قصص الأنبياء، ص. ٧٢.

[38]) قصص القرآن، عمرو خالد، الدار العربية للعلوم ناشرون، بيروت- لبنان، الطبعة الأصلية الأولي، مطابع الدار العربية للعلوم، ٢٠٠٩، ل. ٢٦٦.

[39]) قورئانی پیرۆز، سورەتی الزمر، ئایەتی ٦٨.

[40]) تەفسیری کوردی لە کەلامی خوداوەندی، مەلای گەورە (مەلا محمدی کۆیی)، ب. ٨ ، نووسینگەی حەمدی بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن، سلێمانی، چا. حەمدی، ٢٠٠٩، ل. ٢٥٢.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

لە سەر ڕووی زەوی نیشتەجێکران، هەروەکو قورئانی پیرۆز لەمبارەیەوە دەفەرموویٚت :-﴿ و قُلنا يا آدمُ أسكُنْ أنتَ و زَوْجُك الجنّة و كُلا منْها رغدًا حيث شِئتما و لا تقْربا هذه الشَّجرة فتكُونا من الظالِمين﴾[41]، واتا تەفسیرییەکەی بەم شێوەیە دەبێت :-" ئینجا وتمان :- ئەی ئادەم خۆت و هاوسەرت لەم بەهەشتەدا ژیان بەرنە سەرو نیشتەجێ بن لەهەر کوێ حەز دەکەن بخۆن و بخۆنەوە بە تێرو تەسەلی، بەڵام نزیکی ئەم درەختە مەکەون (درەختێکی دیاریکراو بۆ تاقیکردنەوە لێیان قەدەغەکرا) ئەگینا دەچنە ڕیزی ستەمکارانەوە"[42]، هەروەکو قورئانی پیرۆز لەمبارەیەوە دەفەرموویٚت: ﴿ فَوَسْوَسَ لَهُمَا الشَّيْطَانُ لِيُبْدِيَ لَهُمَا مَا وُورِيَ عَنْهُمَا مِنْ سَوْآتِهِمَا وَقَالَ مَا نَهَاكُمَا رَبُّكُمَا عَنْ هَٰذِهِ الشَّجَرَةِ إِلَّا أَنْ تَكُونَا مَلَكَيْنِ أَوْ تَكُونَا مِنَ الْخَالِدِينَ﴾[43]، تەفسیری ئەم ئایەتە بریتییە لە :- "( شەیتان ئەو سنوورەی بۆ ئادەم و حەوا بە فرسەت زانی) و ئینجا کەوتە فرێدانی وەسوەسەو خەتەرەو خەیاڵ بۆ ناو دڵ و دەروونیان تا ئەو عەیب و عارەیان دەربخات کە شاراوە بوو لێیان (دوایی خۆی ئاشکراکرد) و پێی وتن:- پەروەردگارتان ئەم درەختەی لێ قەدەغە نەکردوون تەنها لەبەرئەوەیە نەوەکو ببنە فریشتە، یاخود بۆ ئەوەیە نەوەکو لەنەمران بن !"[44]، کەواتە بەپێی دەقی قورئان، ئادەم و حەوا لەلایەن شەیتانەوە هەڵخەڵەتێندران، بەمهۆیەشەوە لەبەهەشت دەرکران و گشت مرۆڤەکانیش لە ماوەی ژیانیاندا لە تاقیکردنەوە دادەبن، و تەنها ئەوانەی لە تاقیکردنەوەی ژیان دەردەچن گەیشتن بە بەهەشتییان پێ ڕەوا دەبنیرێت، بێگومان ئەوانەش کە لە تاقیکردنەوەکە دەرناچن، ئەوا بۆ دۆزەخ دەنێردرێن و لەوێدا سزای خۆیان وەردەگرن.

## 5. باوەڕهێنان بە قەزاو قەدەر :-

لە سەرەتادا پێویستە زاراوەی قەزاو قەدەر لێکبدەینەوە،" قەدەر وەك زاراوە بەواتای ئەندازەیە (قەدر، قەدەر)، قەزایش:- بەمانای برینەوەی کارە، واتە مرۆڤ خەریکی کارێك دەبێت، قسەیەك دەکات، کاتێك بڕیەوەو کارەکەی تەواوکردو بەئەنجامی گەیاند، دەڵێین: قەزای کرد. .... هەر کارێك خوا ئەنجامی ئەدات، پێشتر بڕیاری لەسەرداوە، کە مانای قەزایە، براندوێوتیەوە کارەکە چۆن بکرێت لە چەندێتی و چۆنیەتیدا، لە گشت ئەو بوارانەی کە پەیوەندی پێیانەوەیە، دواتر بەئەندازەی ئەو بڕینەوەیەو هەماهەنگ لەگەڵ ئەو بڕینەوەیەدا کارەکە ئەنجام دەدرێت، کە مانای قەدەرە"[45]، هەروەك دەشزانین مردنیش یەکێکە لەبریارە نەگۆڕەکان و هەموو بوونەوەرێك کە بوونی هەبێت دەبێت مردنیشی هەبێت، دەشێت مردن وەك نموونەیەك بۆ قەدەر سەیر بکەین، چونکە چارەنووس و مردنی هەموو مرۆڤێك لە لایەن خودای گەورەوە دەستنیشانکراوە، وەك لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە :-﴿ كُلُّ نفْسٍ ذائِقة المَوْتِ و نَبْلُوكُمْ بالشَّرو الْخَيْر فِتْنة و إِليْنا ترجَعُون﴾[46]، واتە هەموو گیانێك بێ

---

[41]) قورئانی پیرۆز، سورەتی البقره، ئایەتی ٣٥، ٤٣.

[42]) تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان، ل. ٦.

[43]) قورئانی پیرۆز، سورەتی الأعراف، ئایەتی ٢٠.

[44]) تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان، ل. ١٥٢.

[45]) قەزا و قەدەر، ناصری سوبحانی، ئامادەکردنی سالم سەعید بێستانی، چ. ١، ٢٠٠٧، ل. ٢.

[46]) قورئانی پیرۆز، سورەتی الأنبياء، ئایەتی ٣٥.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

جیاوازی دەبێت مردن بچێژێت، دواتر زیندوو دەکرێنەوە و بە پێی کار و رەفتارییان سزا یان پاداشت وەردەگرن [٤٧]، کەواتە قەزاو قەدەریش برِگەو بنەمایەکی ترە لە بنەماکانی باوەڕهێنان لە ئایینی ئیسلامداو لە بەشی داهاتووی لێکۆڵینەوەکەدا هەوڵدەدەین ئەو چەمك و زاراوانەو شیکردنەوەیان لە (ناڵەی پیری پیران) ی پیرەمێرد ی شاعیردا بدۆزینەوەو بەپێی پێویست شییاندەکەینەوە.

## بەشی سێیەم

## بنەماکانی فەلسەفەی ئایین لە دەقی (ناڵەی پیری پیران) ی پیرەمێرد دا

دوای ئەوەی لە چەند لاپەڕەی ڕابردوودا بنەماکانی ئایین و باوەڕداری خرایەڕوو، لەم بەشەی لێکۆڵینەوەکەدا هەوڵدەدەین ئەو بنەمایانە لەو قەسیدانەی ـ پیرەمێرد ـ دا دەستنیشانبکەین کە لەژێر ناونیشانی (ناڵەی پیری پیران) داڕێژراون، و بۆ ئەوەی زیاتر مەبەست بپێکین بابەتەکە بەسەر چەند ناونیشانێکدا دابەشدەکەین:

### ١. ناسین و باوەڕهێنان بە خودای خوڵقێنەر:

هەروەکو لەمەوپێش ئاماژەی پێکرا، خاڵی سەرەکی لە ئاییندا بریتییە لە ناسینی خودای تاك و تەنها، خودای خوڵقێنەری زەوی و ئاسمان و گشت بوونەوەران، هەر لە دێر زەمانەوە مرۆڤ عەوداڵی ناسینی ئەو خودایەی کەوتۆتە سەر، هەمان حاڵەت لە دەقە شیعرییەکانی پیرەمێرد دا دەبینرێت، هەروەکو لە دێرە شیعرێکدا داوا لە خودای گەورە دەکات کەوا هۆش و بیرێکی وەهای پێببەخشێت کە توانای ناسینی خودای هەبێت :

**لە تۆ ناسیندا خوایە زۆر کاسم**

**هۆشێکم بدەرێ، تۆی پێ بناسم** دیوان: ٣٠٥

ئەم دێرە شیعرە هەرچەندە لە ڕوخساردا وەك دەربڕینێکی سادە دەبینرێت، بەڵام لە ناوەڕۆکدا فەلسەفەیەکی قوڵ بەدیدەکرێت، چونکە ناسینی خودا کارێك نییە بە ئاسانی پێیبگەین، هەر بۆیە فەیلەسوفان لەوبارەیە قسەو لێکدانەوەی جیاوازییان هەیە، بۆ نموونە:" کانت گوتەیەکی بەناوبانگی هەیە: (ئێمە دەتوانین بیر لەخودا بکەینەوەو لێی بروانین، بەڵام ناتوانین تێیبگەین و بیناسین)، چونکە خودا خۆی لە دەرەوەی سنووری ئەقڵ و ماتێریدایە، لە کاتێکدا ئەقڵ سنووری خۆی هەیەو ناتوانێت بە ئەزموونی ئەقڵانی و تاقیکردنەوە بیگاتێ"[٤٨].

هەر لەهەمان شێوەداو لە دوو دێری تری (ناڵەی پیری پیران) دا دەڵێت:

**پەروەردگارا ! وا بەرەبەرە**

**سەودای ناسینی تۆم لەسەر سەرە**

**دڵم هەمیشە رەزای تۆی ئەوێ**

**گیان لە بەدەنما، ساتێ ناسرەوێ** دیوان: ٢٠٦

---

[٤٧]) بڕوانە :ـ تەفسیری کوردی لە کەلامی خوداوەندی، ب. ٦، ل. ١٣٤، ١٣٥.

[٤٨]) فەلسەفەی ئایین، فەلسەفاندنی چییەتی و پێکهاتەکانی ئایین، ل. ١٠١.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

دیارە شاعیر ڕووی پاڕانەوەی لە قاپی خودای گەورە کردووەو لەهەوڵی ناسینی خودا دایە، و بەو هیوایەی ڕەزامەندی خودا بەدەستبهێنێت و لە ترسی بەدەستنەهێنانی ئەو هیوایە هەردەم لە نیگەرانیدا دەژی.

ئەو خودایەی موسوڵمانان بەخودای خۆیانی دەزانن، لە قورئاندا بە زیاتر لەناوێك ناوی هاتووە، پێغەمبەری ئیسلام محمد (د.خ.) لەمبارەیەوە دەفەرموویێت :ـ" إن لِلَّهِ تِسعَة و تِسْعِين إسْمَا مِائَة إلاَّ واحِدًا مَنْ أحْصَاها دَخَل الْجَنَّة "[٤٩]، واتە :ـ(خودای گەورە نەوەدو نۆ ناوی هەیە، بۆ سەد ناو یەك ماوە، ئەو کەسەی بیانژمێرێت دەچێتە بەهەشتەوە)، بەڵام زۆرجار لەناو موسوڵماناندا زیادەڕۆوییەك لەم بابەتەدا دەکرێت، و ژمارەی زیاتر دەدەنە پاڵ ناوەکانی خودا، هەروەکو لەم دێرە شیعرەدا دەبینرێت :

ئەی بێ نیازی تەواو نەناسراو

ئەی تەنهاو ناودار هەزارو یەك ناو          دیوان: ١٠٨

ئەو خودایەی موسوڵمانان دەیپەرستن لە تواناو دەسەڵات و مەزنیدا بێوێنەیە،" ئیسلام بەتوندی جەخت لەسەر بیروباوەڕی تاکو تەنهایی خودا دەکاتەوە، کەس لەشێوەی خودا نییەو لەشێوەی کەسدا نییە، و میهرەبانەو توانایەکی لەڕادەبەدەری هەیە"[٥٠]، ئەو مەزنی و بێهاوتاییەی خودا لەو دەقە شیعرانەی پیرەمێردا دەردەکەوێت:

نامەوێ کونهی زاتت بزانم

لە بزورگیتدا مات و حەیرانم          دیوان: ٣١٤

شاعیر لە ناسینی خودادا دەستەوەستانە، چونکە پێیوایە مەزنی و بێهاوتایی خودا لە سەرووی زانینی ئێمەدایە.

لەمەوپێش ئاماژەمان بەوەکرد فەیلەسوفان هەردەم بەدوای وەڵامی پرسیارگەلێکدا وێڵن سەبارەت بە گەردوون و خاڵقەکەی، کەوا لەدەروونی تێکڕای مرۆڤایەتیدا دێن و دەڕۆن، بۆ نموونە ـ ئەرستۆ ـ ی گەورە فەیلەسوفی یۆنانی لە یەکێك لە بەدوا گەڕانەکانیدا بۆ وەڵامی ئەو جۆرە پرسیارە دەگاتە ئەوەی" هیچ شتێك بێ جووڵێنەرو بزوێنەر لەخۆوە ناجووڵێت، هەموو شتێك پێویستە بەهۆی جووڵێنەرێك لەدەرەوەی خۆی بجووڵێتەوە، هاوکات ئەم هۆیەش پێویستی بەپاڵنەرێکە کەهۆکاری جووڵێنەرەکەیە. دیارە ئەرستۆ زنجیرەی هۆکارو هۆ، کارو بەرکار لەجێگەیەکدا، واتە خاڵێکدا دەوەستێنێت، دەنا بەڵگە هیچ ماناو سوودی نابێت، دەبێت لە جێگەیەکدا بوەستین کە بگوترێت ئەوە هۆکاری هەموو جووڵەکانەو خۆی بێ جووڵێنەرە، چونکە بزوێنەری بێ بزوێنەرە"[٥١]، بە دەربڕینێکی تر:" شتەکان دەجووڵێن. لەخۆیانەوە ناجووڵێن. جووڵێنەرەکان بە خۆیان ناجووڵێن. ئیدی لەبەرئەوە ناکرێت ئەم زنجیرە جووڵێنەرە تا نا کۆتا درێژ بێتەوە. کەواتە دەبێت جووڵێنەری یەکەم هەبێت کە ناجووڵێت و ناوی خودایە"[٥٢]، بەهەمان شێوە ـ پیرەمێرد ـ یش سەرنج لە گەورەیی گەردوون دەدات و دەڵێت:

---

[٤٩]). www.uaearab.com asma_alhusna

[٥٠] www.en.wikipedia.org/wiki/God_in_Islam

[٥١]) بوونی خوا، شێخ الإسلام د. یوسف القرضاوي، و. حسن پێنجوینی، پێداچوونەوەی قانع خورشید، ل. ٩٢.

[٥٢]) هەمان سەرچاوە: ل. ٩٦.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130)          p-ISSN (2410-1036)

**ئەم ئاسمانە کە بێ ستوونە**

**بۆ کردەوەی تۆ بووەتە نموونە** دیوان: ٣١٠

پێیوایە وەستانی ئاسمانی پان و بەرین بەبێ هیچ ستوون و ڕاگرێك، باشترین بەڵگەیە بۆ گەورەیی و بێهاوتایی تواناو دەسەڵاتی خودای تاکوتەنیا، چونکە بەپێی فەلسەفەی ئایین،" هەرچەندە دروستکردنی ئەو شتانەی لەم بوونەوەرەدا بڵاوبوونەتەوە، بەڵگەیە لەسەر بوونی خوا.. جوانکاری لە دروستکردنیانداو ڕێکسازیشیان بۆ ئەوەی بتوانن ئەرکی سەرشانی خۆیان ئەنجام بدەن، بەڵگەیەکی ترە لەسەر بوونی خوا، ... چۆن هەموو شتێ لەم بوونەوەرەدا لەسەر شێوەیەکی وا دروستکراوە، کە لەگەڵ کارو فرمانەکەیدا بگونجێ و یارمەتی بدات لە ئەنجامدانیدا، ئاوەهایش ڕێنموونی کراوە کە بۆچی دروستکراوەو ئەرکی سەرشانی چییە؟! خراویشە دڵییەوە: کە ئامانج لە دروستبوونی چییەو ڕێگەی بۆ ئاسان کراوە تا بەوپەڕی کەماڵی بگات کە لەگەڵیدا بگونجێ ... ئەم ڕێنموونییە گشتییەو لە گیاندارو بێگیان و ژیرو نادان و دەنگدارو بێدەنگی ئەم بوونەوەرەدا هەیەو بڵاوبووەتەوە، وە نەبێ هەر تایبەت بێ بە کەسانێ کە هۆشیارو ژیرن..."[٥٣].

سەبارەت بە باوەڕهێنان بە بوونی خودایەکی خوڵقێنەر، یەکێك لەو بەڵگانە بریتییە لە بەڵگەی خوڵقاندن، یان" بەڵگەی بەدهێنان (الخلق) مەبەست لە (خلق) پەیداکردن و بەدیهێنانە.. واتە: دەرخستنی شت لە نەبوونەوە بۆ بوون. ئەوەش وەك دروستکردنی ژیان لە هەموو جۆرە گیاندارێکدا: لەو زیندەوەرانەی بەسەر زەویدا بڵاوی کردوونەتەوە، یان ئەو ڕووەکانەی کە لە هەموو جۆرێك جووتێکی فەشەنگی لێ ڕوواندوون، و وەك ئەو ئادەمیزادە عاقڵەی کە لەوەوپێش ناوی نەبووەو ئێستا هەیەوە بووە، لە یەکەم سوورەتی قورئاندا، کە خوا ناردی بۆ پێغەمبەرەکەی (د.خ) لەمبارەوە ئاگادارمان دەکاتەوەو دەفەرموویێت: ( اقْرأ باسْمِ ربِّكَ الّذي خَلَقَ ، خَلَقَ الْإِنسَانَ مِنْ عَلَقٍ). واتە : بخوێنە بەناوی ئەو پەروەردگارەتەوە کە بەدیهێنەرە، ئادەمیزادی لە پارچەیەك خوێن بەدیهێناوە).. یا وەك دروستکردن و بەدیهێنانی ئاسمان و زەوی کە لە دروستکردن و بەدیهێنانی ئینسان گەورەترو هێژاترن"[٥٤]، پیرەمێرد لەمبارەشەوە بۆچوونی خۆی دەردەبڕێت:

**خوایە ئەوانەی کە بێ باوەرن**

**هیچیان نەدیوە هەر هەڵەوەرن**

**ئەگینە سەیری باخێکی گوڵ کەن**

**تەماشایەکی بە گیان و دڵ کەن**

**ئەو رەنگە جوانەی پەرەی (هەرجایی)**

**بە زەرەبینی تیشکی بینایی**

**لێی وردبنەوە کە ئەو سەنعەتە**

**کێ دەڵێ: زادەی خووی تەبیعەتە** دیوان: ٣٠٨

---

[٥٣]) فەلسەفەی ئایین، فەلسەفاندنی چییەتی و پێکهاتەکانی ئایین، ل. ١٣٥.

[٥٤]) **بوونی خوا، شێخ الإسلام د. یوسف القرضاوي، و. حسن پێنجوینی، پێداچوونەوەی قانع خورشید،** ل. ٥٤ ، ٥٥.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ئەم کۆپلەیە ڕەتدانەوەی ئەو بیروبۆچوونە هەڵەیەیە کەوا پێیوایە دروستکراوەکان بەدیهێنەری دەستی سروشتن و بڕوا بەبوونی خودایەکی خوڵقێنەر ناکەن، شاعیر پێیان دەڵێ ئەوانە سەرلێشێواون، ئەگینا سەرنجی جوانی هەر باخێك بدەین گەورەیی و دەسەڵاتداری ئەو زاتە دەردەکەوێت، و بوونی ئەو دەسەڵات و توانایەی کە لە دروستکردنی ئەو جوانییەدا بەکارهاتووەو هیچ گومانێك بۆ بوونی خودایەکی خوڵقێنەر هەڵناگرێت.

لە دێرە شیعرێکی تریشدا هەمان بۆچوون دووبارە دەکاتەوەو دەڵێ:

**ئەم نەخشە جوانەی گیای سەر زەمینە**

**دەستکردی تۆیە کەوا ڕەنگینە** دیوان: ٢٠٣

لە مەرجەکانی باوەڕهێنان لە ئیسلامدا دەردەکەوێت،" بیرۆکەی سەرەکی ئیسلام بریتییە لە باوەڕهێنان بە تاکایەتی خودا، سووربوون لەسەر ئەوەی کە خودا یەکەو بەراورد ناکرێت، عەقیدەی ئیسلام شەهادەیە کەوا بریتییە لە دەستەواژەی ( أشهد أن لا إله إلا الله، و أشهد أن محمدا رسول الله )"[٥٥]، لە بەشێکی تر لە قەسیدەکانی (ناڵەی پیری پیران) دا ئەو ئاماژەیە بۆ خودای بێهاوتا دەبینرێت، کە دەڵێ:

**خوایە وام لێبکە ئاگام لە خۆم بێ**

**کە وتم ( الله ) هەر لەگەڵ تۆم بێ** دیوان: ٢٦٤

ئەو بۆچوونەی پیرەمێرد لەگەڵ وتەیەکی فەلسەفیدا یەکدەگرێتەوە، کاتێك" فەیلەسووفی بەناوبانگی فەڕەنسی (دیکارت) ئەم هەستە سروشتییە بەمجۆرە دەردەبڕێ: (لەگەڵ ئەوەدا کە من هەست بە کەموکووڕی خۆم دەکەم، هەست بە بوونی زاتێکی کاملیش دەکەم، دەمبینی ناچارم باوەڕم وابێ کە ڕواندنی ئەو هەستە لە زاتی مندا بەهۆی ئەو زاتە کاملەوەیە، کە هەرچی سیفاتی کاملە لەودا هەیە، ئەویش زاتی الله یە"[٥٦].

هەروەها هەر لەبارەی تواناو هێزی خوداوە لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە نووری خودا چیای تورِی تواندەوە، هەروەکو دەفەرموویێت:- ﴿ و لما جاء مُوسَي لِميقاتِنا و كَلَّمَهُ ربُهُ قال ربِّ أرنِي أنْظر إليْكَ قال لنْ ترانِي ولكِنِ انْظر إلي الجَبَل فأن اسْتقَر مَكانهُ فسَوْفَ تراني فلمَّا تجلَّي ربُهُ لِلْجَبَل جَعلَهُ دكًا وخر مُوسَي صَعقًا فلمَّا أفاقَ قال سُبْحَانكَ تبْتُ إليْكَ و أنا أوَلُ المُؤمِنين﴾[٥٧]، واتا :- کاتێك کە خودای گەورە قسەی لەگەڵ موسادا کرد، داوای کرد و گوتی خودایە خۆتم نیشانبدە با بتبینم، فەرمووی نامبینی، بەڵام سەیری ئەم چیایە بکە، گەر لە شوێنی خۆی مایەوە ئەوا دەمبینی، چیاکە ورد و خاش بوو، موسا بێهۆشی کەوت، کە بەهۆش هاتەوە گوتی تۆبە جارێکی تر داوای لەم شێوەیە ناکەم [٥٨]، لە کۆپلە شیعرێکدا ـ پیرەمێرد ـ ئاماژە دەکات بۆ بەسەرهاتەو دەڵێ:

**چەند خۆشە لە توێی پەردەی نیهان دا**

**شەو نوور ئەبینم، لە ئاسمان دا**

**عەینی تەجەللی ئاگری کۆی (طوورە)**

---

[٥٥]) www.en.wikipedia.org God _in_Islam

[٥٦]) بوونی خوا : ل. ٣٨، ٣٩.

[٥٧]) قورئانی پیرۆز، سورەتی الأعراف، ئایەتی ١٤٣.

[٥٨]) بڕوانە :ـ تەفسیری کوردی لە کەلامی خواوەندی، ب. ٣، ل. ٢٥٠ – ٢٥٤.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**ئەم نزیکترەو لە شارەزوورە          دیوان: ٢٠٦**

شاعیر لێرەدا خۆشحاڵە بەوەی ڕووناکی و نوورێك لە ئاسمانەوە بەدیدەکات، بەڵام پێیوایە ئەو ڕووناکییە ئەوەندە بەهێزو بێوێنەیە وەك ئەوەی کە چیای (تووڕ) ی تواندەوە، ڕووناکییەکە ئەوەندە بەهێزە وا هەستدەکات کەوا زۆر نزیکەو لە دەوروبەری خۆیدا هەستیپێدەکات.

سەرەڕای هەموو ئەوانەی باسکران، ئاشکرایە بەپێی لێکۆڵینەوە ئیسلامییەکان هیچ بینەرێك خودا نایبینێت، بەڵام ئەم هەموو شتێك دەبینێت، قورئانی پیرۆز لەمبارەیەوە دەفەرموویت :- ﴿ أن اللّه يعْلمُ مَا فِي السَّمَاواتِ و مَا فِي الْأرض و أنَّ اللّه بكُلِّ شَيء علِيمٌ﴾[٥٩]، لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەگوترێت:-" چاك بزانن و دڵنیابن کە خوا ئاگادارە بەهەرچی لە ئاسمانەکاندایەو هەرچی لە زەویدا هەیە، بە ڕاستی خوا بە هەموو شتێك تەواو زانایە"[٦٠]، پیرەمێرد لە کۆپلەیەکدا ئەو تواناو دەسەڵاتەی خودای گەورە بۆ خوێنەران شیدەکاتەوەو دەڵێ:

**ئێمە تێناگەین لە ئەسراری غەیب**

**هەر خۆت ئەیزانی حاکمی بێ عەیب**

**غەیری تۆ حاکم کێیە؟ دائیم بێ**

**تا ئەبەد لە شوێن خۆی دا قائیم بێ**

**هەموو حاکمێ تابیعی ئەمرن**

**یا عەزل ئەکرێن، یاخو هەر دەمرن**

**کەس لە تۆ ناکاو تۆ لە کەس ناکەی**

**ئەو خوداوەندە گەورە بێباکەی          دیوان: ٣٢٨- ٣٢٩**

شاعیر لێرەدا ئاماژە بەوە دەکات کە هیچ مرۆڤێك توانای تێگەیشتنی نییە لەو نهێنییانەی گەردوون، کە بە نهێنییەکانی غەیب ناودەبرێن، تەنها خودای تاك و تەنیا ئاگای لەهەموو نهێنییەکانە، خودا ئەو فەرمانڕەوایەیە کە تا ئەبەد دەسەڵاتدارەو هیچ فەرمانڕەوایەك لەشێوەی ئەودا نییە، هەموو فەرمانڕەواکانی جیهان یان بەهۆی لەسەر کارلابردن یان بەهۆی مردن لە دەسەڵاتدار دوور دەخرێنەوە، بەڵام تەنها خودایە کە لە هەمووان جیاوازەو نە ئەم لە کەس دەچێت و نە کەس لەم دەچێت. هەمان بیروباوەڕ لە دێرە شیعرێکدا دەردەکەوێت:

**بووی و هەی بە بێ زەمان و مەکان**

**جڵەوی بە دەست تۆوەیە جیهان          دیوان: ٢٠٣**

ئەو خودایەی پیرەمێردو تەواوی موسوڵمانان باوەڕییان پێی هەیە، هەر لە سەرەتای دروستبوونی ئەو جیهانەوە، لە پێش دەرکەوتنی کات و شوێنەوە هەر هەبووەو هەر دەشبێت، ئەو زاتە دەسەڵاتی بەسەر هەموو جیهاندا دەکشێت.

دیسان لە کۆپلەیەکی تردا ئاماژە بەوە دەکات کە خودا هیچ شوێنێکی دیاریکراوی نییە، بەڵکو لە هەموو شوێن و کاتێکدا بێئەوەی ئێمە ئەو ببینین، ئەم هەموو ڕەفتارو کردەوەیەکی ئێمە دەبینێت:

---

[٥٩]) قورئانی پیرۆز، سورەتی المائدة، ئایەتی ٩٧.

[٦٠]) تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان، ل. ١٢٤



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130)          p-ISSN (2410-1036)

**کەون و مەکانت هێنایە مەیدان**

**کەچی ناوی خۆت ناوە (لا مکان)**

**من ئەزانم تۆ لە هەموو جێ هەی**

**ئێمە دەبینی و هیچ خۆت دەرناخەی** دیوان: ٢٠٣

**نزاو پارانەوە لەخودا :ـ**

دیارە ئایین هەر ناسینی خودا ناگرێتەوە، بەڵکو دوای ناسین، پەرستن و پابەندبوون دێتە ناوەوە،" کەواتە ئایین هەوڵێکی ڕێکخراوە بۆ دروستکردنی پردێك، ڕایەڵێك، لەنێوان پیرۆزو ناپیرۆز، پەیپێبراوو پەیپێنەبراودا. واتە پڕکردنەوەی ئەو دابڕان و کەلێنەیە لەجیهانداو لەبیرو هۆشی ئێمەدا. لای (دۆرکهایم) ئایین لە دوو ڕەگەز پێکدێت. باوەڕ Belief و سرووتەکان Rituals کە پشت بەبیروباوەڕ دەبەستێت وەك چۆن هەموو بیروباوەڕێکی ئایینی شتەکان بۆ پیرۆزو ناپیرۆزو ئاسمانی و زەمینی دابەش دەکات"[٦١]، هەروەکو لە بارەی هۆکاری خوڵقاندن لە لایەن خوداوە قورئانی پیرۆز دەفەرموویت:ـ ﴿و ما خلقتُ الجنَّ و الإنسَ إلَّا ليعبُدُونِ ﴾[٦٢]، تەفسیری ئەم ئایەتە بەمشێوەیەیە:ـ" بێگومان من جنۆکە و ئادەمیزادم بۆ ئەوە دروستکردووە کە هەر من بپەرستن و فەرمانبەرداری من بن"[٦٣]، کەواتە خودای گەورە کاتێك بوونەوەرو سروشت و گەردوونی دروستکردووە کە مرۆڤ سوودیان لێ وەردەگرێت، و پێغەمبەرانیشی بۆ ناردن تا ڕێنیشاندەریان بن و فێری خواپەرستییان بکەن و وەڵامی پرسیارەکانییان بدەنەوە، هەمان ئەو بیروباوەڕە لەم چەند دێرە شیعرەدا دەبینرێت :

**خوایە فەرمووتە :ـ خۆت لە قورئانا**

**لە پەرستشی جینن و ئینسانا**

**خەلقی جینن و ئینس بۆ عیبادەتە**

**پەرستنی تۆ ڕێی سەعادەتە** دیوان: ٣٢٠

لێرەدا ئاماژە بۆ دەقی ئەو ئایەتە پیرۆزە بەدیدەکرێت کەوا لەسەرەوە خرایەڕوو، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ـ پیرەمێرد ـ خوداپەرستی بە هۆکارێك لە هۆکارەکانی بەختەوەری دەزانێت. ئەو بەختەوەری و خۆشبەختییە لە کۆپلەیەکی تریش لە (ناڵەی پیری پیران) دا دەبینرێت، کە دەڵێت:

**ئەگینە بێتوو ئەو ( ڕێی ) ڕەحمەتە**

**نوقتەی بێتە سەر دیارە زەحمەتە**

**توخوا ! با ڕەحمەت نەبێ بە زەحمەت**

**(نەبی) ت بە ڕەحمەت ناردووە بۆ ئوممەت** دیوان: ٣٢١

[٦١]) فەلسەفەی ئایین، فەلسەفاندنی چییەتی و پێکهاتەکانی ئایین، ل. ٣٨.

[٦٢]) قورئانی پیرۆز، سورەتی الذاريات، ئایەتی ٥٦.

[٦٣]) تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان، ل. ٥٣٣.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

لەو دوو دێرەدا هونەرکارییەکی جوان لە ڕێگەی (ڕەگەزدۆزی ناتەواو)[٦٤] هاتۆتە کایەوە، ئەویش لە ڕێگەی بەرامبەرکردنی هەردوو وشەی (ڕەحمەت، زەحمەت)ەوە، شاعیر لێرەدا دەستی پاڕانەوەی بۆ خودا بەرزکردۆتەوەو داوا دەکات ڕێگای خۆشی و کامەڕانیمان پێ نیشانبدات، نەك ڕێگەیەك کە پڕ بێت لە ئەستەم و ناڕەحەتی.

کەواتە بەشێك لەباوەڕهێنان بەبوونی خوای گەورە لەشێوەی نزاو پاڕانەوەو هاوارەکانمان لەخودا دەردەکەوێت، زۆرجار دەبینین" نزای (خودایە ڕۆزیمان بدەیت و زیاد بکەیت) لە نوێژو نزاکاندا بەستنەوەیەکی ڕۆحی و گرێدانێکی نێوان مرۆڤ و خودایە. مرۆڤی باوەڕداریش لە ڕێگەی جۆرێك بەرژەوەندییەوە لەگەڵ خۆی دەدوێت و لە خودا نزیك دەبێتەوە"[٦٥]، ***پیرەمێرد*** لە دێرە شیعرێکدا ئەم بۆچوونە بەرجەستە دەکات:

**ئەوەی تۆ نەیدەی بە نسیب نابێ**

**ئەگەر کەرەمی مەخسووسی شا بێ**   دیوان: ٢٠٤

ئەگەر خودا هەر شتێك بە بەشی تۆ نەزانێت ئەوا هیچ دەسەڵاتدارێك ناتوانێت بەتۆی ببەخشێت.

لەبارەی خوداپەرستی و پاڕانەوە لە خودا، زۆرجار پرسیارێك سەرهەڵدەدات ئەویش ئەوەیە: ئایا خودا پێویستی بەوە هەیە دروستکراوەکانی دەستی پاڕانەوەی بۆ بەرز بکەنەوە؟ **پیرەمێرد** لەمبارەیەوە بۆچوونی خۆی دەردەبڕێت و دەڵێ :

**دیارە موحتاجی دوعای عەبدت نیت**

**ئەگەر نەتناسن، تۆ دەربەستی چیت؟**

**ئەزانم بۆچی وا لوتف ئەنوێنی؟**

**دەستنێژی خۆتن نایانشکێنی**

**دیارە ئاو خەڵقی پەروەردگارە**

**سیفەتێکی وای لێوە دیارە**

**ئەو دارەی کە خۆی هێنابێتیە بەر**

**نوقمی ناکا، ئەیخاتە سەر سەر**   دیوان: ٣٢١- ٣٢٢

شاعیر پێیوایە خودا پێویستی بە پارانەوەی بەندەکانی نییە، هەروەکو لە وەسفی خودای تاك و تەنهادا قورئانی پیرۆزیش دەفەرموویت:" قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ، اللَّهُ الصَّمَدُ، لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ، وَلَمْ يَكُنْ لَهُ كُفُوًا أَحَدٌ،"[٦٦]، تەفسیری ئەم چەند ئایەتە بەم شێوەیەیە :" ئەی محمد (د.خ ) ئەی ئیماندار، بڵێ : ئەو خوایەی کە ناوی الله یە خوایەکی تاکو تەنهایە (بێ هاوەڵ و هاوتایە)، خوا زاتێکی پایەدارو دەسەڵاتدارە، نیازی بە کەس نییەو هەموان ئاتاجی ئەون، (هەر ئەو دەتوانێت بەڵا و ناخۆشی لابەرێت و پێویستی و داخوازیەکانتان جێبەجێبکات)،

---

[٦٤]) ڕەگەزدۆزی ناتەواو: هونەرێکی ڕەوانبێژییە لەجۆری جوانکاری، بریتییە لە دوو وشە لە شێوەدا وەك یەك و لە واتادا جیاواز بن، ئەمەش جوانییەکی گەورەو چێژێکی خۆش بەخوێنەرو پێش ئەو بەشاعیریش دەبەخشێت، بڕوانە : جوانکاریی شیعری نوێی کوردی، د. ئیدریس عەبدوڵڵا، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠١٢، ل. ١٥.

[٦٥]) فەلسەفەی ئایین، فەلسەفاندنی چییەتی و پێکهاتەکانی ئایین، ل. ٣٦٢ .

[٦٦]) قورئانی پیرۆز، سورەتی الإخلاص، ئایەتی ١ ـ ٤.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130)   p-ISSN (2410-1036)

هیچ کەسی لێ نەبووەو خۆیشی لە کەس نەبووە، هەرگیز هاوتاو هاوشێوەو دەسەڵاتدارێکی تر نییە کە لەبەرامبەریەوە بوەستێت و هاوشانی بێت و وەکو ئەو باڵادەست بێت و وەکو ئەو دروستکار بێت"[٦٧]، بەڵام سەرەڕای ئەو باڵادەستییەی خودا، لەبەرئەوەی مرۆڤەکان دەستکردی خودان، بۆیە خودا هەردەم حەزدەکات پشتوپەنایان بێت و داواکانییان لێوەربگرێت، بۆ سەلماندنی ئەو بۆچوونەشی (ئاو) بە نموونە وەردەگرێت، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی مەبەستی شاعیر، دەڕوانینە هەمان بیرۆکە لەدەقێکی شیعری تریدا لەژێر ناونیشانی (فەلسەفەی شیعری کوردی) کە دەڵێ:

**کە ئاو داری لەسەر سەر گرتووە ئەیزانی چی تیایە**

**لە لای نەنگە کە پەروەردەی نوقوم بکا، گەورەیی وایە** دیوان : ٤٤

"سەیر ئەکەی دار ئەکەوێتە سەر ئاوو نقوم نابێت، ئایا ئەوە نازانی لەبەر چییە؟ لەبەر ئەوەیە کە ئاو وا ئەزانێ (دار) لە پەروەردە کراوی خۆیەتی، بەلایەوە زۆر نەنگە ژێردەستی خۆی لە مەعنەوییاتا بخاتە ژێر خۆیەوە"[٦٨]، خودای گەورەش بەهەمانشێوە نایەوێت بەندەکانی تووشی هیچ ناڕەحەتییەک ببن.

## سزاو پاداشتەکانی خودا :ـ

قورئانی پیرۆز لەمڕووەوە دەفەرموویت:﴿ أعْلَمُوا أنَّ اللَّه شَدِيدُ الْعِقَابِ و أنَّ اللَّه غَفُور رحِيمٌ ﴾[٦٩]، تەفسیری ئایەتەکە بەمشێوەیە دەبێت:ـ"چاك بزانن خوا تۆڵەسێنەرێکی توندوتیژە (لەیاخیەکان)، هەروەها تەواو لێخۆشبوو و میهرەبانە (بۆ ئیماندارەکانی تەوبەکار)"[٧٠]، پیرەمێرد داوای بەخشین لە خودای گەورە دەکات، کەوا تەنها لەدەسەڵاتی خودا دایەو دەڵێ:

**ئەمە مەرامی بەرزی رەوایە**

**بەخشینی تەنها لە دەستی تۆ دایە** دیوان: ٢٠٣

سەرەڕای ئەوەی خودا باڵادەستەو دەتوانێت سزای هەر مرۆڤێك بدات، بەڵام هەندێکجار لە قورئاندا لەبری ئەوەی ڕاستەوخۆی سزای تاکێکی ناو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی پیشانبدات، لەشێوەی ئاواتخواستنێك سزاکە بۆ ئەو کەسە دەردەبڕێت، هەروەکو دەفەرموویت:ـ(تَبَّتْ يدَا أبِي لَهَب و تَبَّ )[٧١]، تەفسیری ئەم ئایەتە بەمشێوەیە دەبێت:ـ " دەستەکانت بشکێت ئەبولەهەب و ڕیسوا بیت، ئاشکرایە کە هەر ریسوایش دەبێت و لە ناودەچێت)"[٧٢]، سەبارەت بەو چیرۆك و بەسەرهاتەی لە قورئاندا ئاماژەی پێکراوە، پیرەمێرد دەڵێ:

**خوایە بە دارو بە بەردما بدە**

**لەگەڵ دۆستی خۆت بەینم تێك مەدە**

[٦٧]) تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان، ل. ٦٠٤.

[٦٨]) مێژووی ئەدەبی کوردی (مێژوو، ئەدەب، زانیاری)، ل. ٤٥٢.

[٦٩]) قورئانی پیرۆز، سورەتی المائدة، ئایەتی ٩٨.

[٧٠]) تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان، ل. ١٢٤.

[٧١]) قورئانی پیرۆز، سورەتی المسد، ئایەتی ١.

[٧٢]) تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان، ل. ٦٠٣.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**هەرچی دۆستی تۆی نەویٚ زەلیلە**

**بۆ ئەمە (تبت یدا) دەلیلە** دیوان: ٣١١

شاعیر ڕووی پارانەوە لەخودا دەکات و داوای لێدەکات پشت و پەنای بێت، تا لەگەڵ دۆستانی خودا هاوشان و هاوڕێ بێت، چونکە ئەگەر لەڕیزی ئەواندا نەبێت ئەوا هاوشێوەی (ئەبولەهەب) لەلایەن خوداوە بەر نەفرەتی (تبت یدا) دەکەوێت.

**باوەڕهێنان بە پێغەمبەرانی خودا :**

وەك لەمەوپێش ئاماژەمان پێکرد، باوەڕهێنان بەو نێردراوو پێغەمبەرانەی لەلایەن خوداوە دەستنیشانکراون بەشێك لەمەرجەکانی باوەڕ پێکدەهێنن، " بەڵگەیەکی تر لەسەر بوونی خوا ئەو پەیامەیە کە پێغەمبەران (علیهم السلام) هەر لەسەردەمی نووحەوە تا سەردەمی محمد (د.خ) یەك لەدوای یەك هێناویانە، هەموویان قەومەکانییان بانگ کردووە بۆ لای خواو بەیەك ناسینی و پەیوەندی بوون بە خواوە، لە هاوبەش پەیداکردن بۆ خواو پشتکردنە بەرنامەی خوایش ئاگادارییان کردوونەتەوە و ترساندوویانن. ... خوایش بە نیشانەی ڕۆشن و موعجیزەی گەورەوە پشتیوانی پێغەمبەرەکانی دەکرد، تا بەو موعجیزانە ڕاستییەتی پێغەمبەران بسەلمێنێ و قوڕو قەپیش بە نەیارەکانییان بکات"[٧٣]، لەو قەسیدانەی ـ پیرەمێرد ـ یشدا ئاماژە بۆ چیرۆکی ژیانی چەند پێغەمبەرێك دەکرێت، هەروەکو چۆن چیرۆکی نوح پێغەمبەرو ئەو لافاو زریانەی خوای گەورە بەسەر گەلەکەیدا هێناو چۆنیەتی ڕزگار بوونی خۆی و باوەڕدارەکان بەهۆی سوار بوونی کەشتیەکەوە، بەشێکی تر لە بیروباوەڕی ئێمەی موسوڵمان داگیر دەکات، ئەو بەسەرهاتە لە کۆپلەیەك لە دەقەکانی پیرەمێردیشدا دەبینرێت، سەبارەت بەم چیرۆکە لە قورئاندا هاتووە، ﴿ و أصنَعِ الفُلك بأعيُنِنا و و حيِنا و لا تخاطبْني فِي الذين ظلمُوا إنّهمْ مُغرقون، و يصنَعُ الفُلك و كُلما مَرعليْهِ مَلاً مِنْ قوْمِهِ سَخِروا مِنْهُ قال إنْ تسْخروا مِنّا فإنّا نَسْخر مِنكُمْ كما تسْخرون﴾[٧٤]، خودای گەورە لەم ئایەتە پیرۆزەدا دەفەرمووێت:-" کەشتییەکەش دروست بکە بە چاودێری و فەرمانی ئێمە، (کاتی تۆفانەکە) تکامان لێنەکەیت بۆ ئەوانەی لە سنووری ڕاستی دەرچوون و تاوانبارن، چونکە بە ڕاستی ئەوانە بڕیاری خنکاندن و تیا چوونییان بۆ دراوە"[٧٥]، بەمشێوەیە نوح بە فەرمانی خودا کەشتییەك دروستدەکات و لە هەر باڵندەو ئاژەڵ و بوونەوەرێك جووتێك لە کەشتییەکەی هەڵدەگرێت، هەروەها لەبارەی هەڵبژاردنی بوونەوەرەکان بۆ سوارکردن لە کەشتییەکەدا، قورئانی پیرۆز دەفەرمووێت :-" حَتي إذا جاءَ أمْرنا و فار التنّور قلنا إحْمِلْ فيهَا مِنْ كُلّ زَوْجَيْنِ أثنيْن و أهلك إلّا مَنْ سَبَقَ عليْهِ القوْلُ و مَنْ آمَن و مَا آمَن مَعَهُ إلّا قليلٌ"[٧٦]، واتە کاتێك خودا فەرمانی کردو غەزەبی خودا سەریهەڵدا، خودا فەرمووی لە هەر جووتێك دووان

---

[٧٣]) بوونی خوا، شێخ الإسلام د. يوسف القرضاوي، و. حسن پێنجوینی، پێداچوونەوەی قانع خورشید، ل. ١٣٢.

[٧٤]) قورئانی پیرۆز، سورەتی هود، ئایەتی ٣٧، ٣٨.

[٧٥]) تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان، ل. ٢٢٥.

[٧٦]) قورئانی پیرۆز، سورەتی هود، ئایەتی ٤٠.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

سوار بکە لە کەشتییەکەت، لەگەڵ خێزانەکەت و باوەڕدارەکان[٧٧]، ئەگەر بیر لەو هەڵبژاردنە بکەینەوەو لە خۆمان بپرسین (بۆچی حەزرەتی نوح لە هەر جووتێك دووانی هەڵگرت؟ چونکە زەوی ژێر ئاو دەکەوێت و دووبارە ژیانێکی تازە لە نەوەی ئەم جووتانەوە پەیدا دەبێت، خوای گەورە فەرمانی پێکرد تەنها باوەڕداران سواری کەشتی بکات و بێباوەڕان جێبهێڵێت)[٧٨]، هەروەها لەبەڵگەنامە مێژوویی و ئاینییەکاندا " سەرگوزەشتەی ئەم تۆفانە کە بە تۆفانی نووح ناو ئەبرێ هەر لاو بەرەیەك لە ڕوانگەی تێڕوانین و بۆچوون و تایبەتمەندی خۆیەوە هۆی پەیدابوونی لێکدەداتەوە و نیشانیدەداو بەشێوەی جۆراوجۆر ڕایەڵەی باسەکە دەهۆنێتەوە و قەوماوەکە باسدەکا و دەیخاتە پێشچاو، دواتریش شوێنگەی لەنگەرگرتنی کەشتییەکەش لەچغزی سێ شاخی جیاوازدا بۆ دیاریدەکرێت. سۆمەری و بابلییەکان بۆچوونییان دەربارەی تۆفانەکە لە بنەڕەتدا لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ تەورات و قورئانی پیرۆزدا یەکدەگرێتەوەو گشتییان لە کلاوڕۆژنەی ئاینییەوە ئەم قەوماوە لێکدەدەنەوەو باسیدەکەن و لەو بڕوایەدان کە ئەم تۆفانە بە ئەنجامی زۆرداری و خراپەکاری بێ ئاینی و سەرپێچی ئەو خەڵکە بەرامبەر بە خوا، ئیدی چ خوای سروشتی سۆمەرییەکان و بابلییەکان (ئەخیل، ئەنکی، عوشتار) بێ یان یەزدانی گەورەی ئەم گەردوونە بێ پەیدابووە و ڕوویداوە، واتە خوای گەورە بە هەڵستانی تۆفان سزای گەورەی گوناهبارانی داوەو ڕق و قینی بەرامبەریان ڕشتووە.. تا هۆش بێتەوە سەریان و ڕێگای ڕاست بگرنەوە بەر"[٧٩]، ئاماژەکردنەکەی پیرەمێرد لەو دێرە شیعرەدا دەبینرێت کە دەڵێ :-

**گەمیەکەی نووح برەخسێنە بۆم**

**لە گێژ سەرکەوم، نەکەومە بن گۆم** دیوان: ١٠٩

هەرچەندە دێرە شیعرەکە وەك شیعرێکی سادە دەردەکەوێت، بەڵام واتای شاراوە لە نیوە دێری دووەمدایە، شاعیر پێیوایە لە ڕێگاو ڕێبازی خودا لابدات ئەوا لەناودەچێت، تاکە هیوای ڕزگاربوون لە لەناوچوونێکی حەتمی، ئەوا تەنها هەر لەدەسەڵاتی خودای تاکوتەنیایە.

## سوپاسگوزاری باوەڕداران بۆ خودای گەورە:

بەپێی بیروڕا ئایینەکان ئەوانەی باوەڕییان بە بوونی خودای خوڵقێنەر هەیە، بەردەوام گوزارشتی سوپاسگوزاری بۆ خودا دەردەبڕن، ئەم ڕەفتارەش لە قورئانی پیرۆزدا ڕەنگیداوەتەوە، بۆ نموونە لە سورەتی (ئیبراهیم ) دا هاتووە: ﴿ وَإِذْ تَأَذَّنَ رَبُّكُمْ لَئِنْ شَكَرْتُمْ لَأَزِيدَنَّكُمْ وَلَئِنْ كَفَرْتُمْ إِنَّ عَذَابِي لَشَدِيدٌ﴾[٨٠]، واتە " لە یادتتان بێت کە پەروەردگارتان بڕیاریداوە، سوێند بەخوا ئەگەر سوپاسگوزارو شوکرانەبژێر بن، ڕزق و ڕۆزی و نازو نیعمەتتان بەسەردا دەڕژێنم و زیادی دەکەم، بەڵام ئەگەر ناشکورو سوپاس ناپەزێڤ بن، بەراستی ئەوکاتە

[٧٧]) بڕوانە :ـ تەفسیری کوردی لە کەلامی خوداوەندی، ب. ٤، ل. ١٨٤.

[٧٨]) قراءة جديدة و رؤية في قصص الأنبياء، ص. ١٧٣.

[٧٩]) نوح و کەشتیەکەی و چیای جوودی، غفور میرزا کەریم، گ. ڕۆشنبیری نوێ، ژ. ١٢٤، کانونی یەکەمی، ١٩٨٩، ل. ١٨١.

[٨٠]) قورئانی پیرۆز، سورەتی ئیبراهیم، ئایەتی ٦، ٧.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ئیتر تۆڵەو سزای من زۆر بە ئازار دەبێت"[81]، ـ پیرەمێرد ـ یش وەك موسوڵمانانی تر بەرامبەر خودای گەورە شوكرانەبێژە، هەروەكو دەڵێ:

**فەزڵت بێكەران، شوكرت بێ زیان**

**غەیری تۆ كەسم نییە لە جیهان** دیوان : ١٠٩

ئەوەی لەو دێرەی سەرەوەدا دەبینرێت سوپاسگوزارییەكی ئاشكرای موسوڵمانێكە بۆ خودا، بەڵام لە كۆپلەیەكی تردا بەشێوەیەكی ناڕاستەوخۆ ئەو ڕازە دەردەبڕێت و دەڵێ:

**(الحمد) ئەخوێنم ڕوو لە تۆ دەكەم**

**بە (پاشملەیی) سوپاست دەكەم**

**كە گەیشتمە ئەوەی بڵێم ( أياك) ە**

**بە نەشئەی حزوور دڵم ڕووناكە** دیوان : ٢٦٣

لەو كۆپلەیەدا ئاماژەیەكی ئاشكرا بۆ سورەتی (فاتیحە) ی قورئانی پیرۆز دەبینرێت، كە دەفەرمووێت: ﴿ الْحَمْدُ لِلَّهِ ربِّ الْعَالَمِينَ ، الرحْمَنِ الرحِيمِ ، مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ، إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ﴾[82]، واتە" سوپاس و ستایش هەر شایستەی خوایەو بۆ خوایە، كە خاوەن پەروەردگاری هەموو جیهانیان و هەموو بوونەوەرە. بەخشندەو دلۆڤانە، كانگای ڕەحمەت و میهرەبانییە. خاوەن و سەرداری ڕۆژی پاداشت و سزایە. خوایە هەر تۆ دەپەرستین و هەر لەتۆش داوای یارمەتی و پشتیوانی دەكەین"[83]، شاعیر بەخوێندنی ئەو سوڕەتە هەست بە ئارامی دەكات، بەتایبەتی ئەو كاتەی دەگاتە ئایەتی چوارەم، لەوێدا هەستدەكات پشت و پەنایەكی هەیە كە دەتوانرێت پشتی پێ ببەسترێت، كە ئەویش خودای بەخشندەو میهرەبانە.

هەروەها لە كۆپلەیەكی تریشدا بەڵێن دووپات دەكاتەوە، كە تا ئەو كاتەی توانای ئاخاوتنی هەبێت ئەوا لە شوكرانەی خودا ناوەستێت:

**پەروەردگارا ! ئەگەر هەر موویێ**

**زبانێكم بێ، شوكرانە گۆیێ**

**شوكری نیعمەتی تۆ تەواو ناكەم**

**لەچیت سروشت دام من هەر ئەو خاكەم** دیوان: ٢٠٧

### فریشتەكان وەك خوڵقێنراوێك لەلایەن خوداوە :ـ

جگە لە مرۆڤ و بوونەوەرانی تری سەر ڕووی زەوی، فریشتەكانیش بوونەوەری ترن كە دروستكراوی خودان، كەوا جگە لە فریشتە زۆرجار بە (پەری) و (مەلائیكە) ش ناودەبرێن، و لە زمانی عەرەبیدا پێیان دەگوترێت

[81]) تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان، ل. ٢٥٦

[82]) قورئانی پیرۆز، سورەتی الفاتحة، ئایەتی ١- ٥.

[83]) تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان، ل. ٧



كۆنفرانسی ( كاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

(ملاك) [٨٤]، و هەروەها لە فارسیشدا بە (فرشته) دەناسرێن [٨٥]، و لە زمانی ئینگلیزیشدا پێیان دەگوترێت Angel کە لە لێکدانەوەی واتاکەیدا دەگوترێت:ـ" فریشتە ئەو ڕۆحەیە کە هەندێك ئایین باوەڕیانوایە لەگەڵ خودا لە ئاسمانن، کاتێك وێنەیان دەکێشرێت وەك خەڵکێك پێشاندەرێن کە دوو باڵیان هەیە"[٨٦].

هەروەکو ئاماژەمان پێکرد، پێویستە موسوڵمانان باوەڕیان بە بوونی فریشتەکانی خوداو بە (شەیتان) ی نەفرەتلێکراو هەبێت، کێشەی نێوان مرۆڤ و شەیتان هەر لەسەرەتای خەڵقکردنی باوکە ئادەمەوە تا ئەمڕۆ هەر بەردەوامەو بەهۆی ئەو کاریگەرییەی شەیتان لەسەر ژیانی تاکەکانی ناو کۆمەڵگا دەیبینێت، ناوی شەیتان و بەلاڕێدا لابردنی باوەڕداران بە چەندین شێوازی جۆراوجۆر پەڕیوەتەوە ناو بواری ئەدەبەوە، هەروەکو دەبینین" شیعری کوردی هەر لە لای مەلای جەزیرییەوە کە باس لە یەکیەتی بوون دەکات، ئەم ململانێیەی نێوان تاریکی و ڕووناکی لە پێوەندی نێوان بوون و نەبوون دەبینێ، بوونی خوا لە ڕووناکی و تیشك و هەتاو و نەبوونیش لە دەستدانی بڕوایە کە نوێنەرەکەی شەیتانە و تاریکییە کە گۆڕ دەنوێنێ..."[٨٧]، بەهەمان شێوە ـ پیرەمێرد ـ یش سەبارەت بە بوونی شەیتان و کاریگەری خراپی لەسەر مرۆڤ قسەی خۆی هەیە، هەروەکو دەڵێ:

**تۆ خوداوەندی، کە خەڵقت کردووین**

**شەیتان گەورەیی تۆی لە یاد کردووین**

**لەگەڵ ئەوەیشدا هەر تۆ بەخشندەی**

**نانمان نابڕی، کەرەم کوندەی** دیوان: ٢٠٨

لێرەدا ئاماژە بە گەورەیی و بەخشندەیی خودا دەکات، هەرچەندە بەردەوام شەیتان دەیەوێت یادی خودامان بیربباتەوە، بەڵام خودا دەمانبەخشێت و بەخراپەی ئێمە ناکات.

سەبارەت بە بوونی (شەیتان) لەقورئاندا باس لە چیرۆکێك دەکرێت: ﴿ فَوَسْوَسَ لَهُمَا الشَّيْطَانُ لِيُبْدِيَ لَهُمَا مَا وُورِيَ عَنْهُمَا مِنْ سَوْآتِهِمَا وَقَالَ مَا نَهَاكُمَا رَبُّكُمَا عَنْ هَٰذِهِ الشَّجَرَةِ إِلَّا أَنْ تَكُونَا مَلَكَيْنِ أَوْ تَكُونَا مِنَ الْخَالِدِينَ﴾[٨٨]، تەفسیری ئەم ئایەتە بریتییە لە:"( شەیتان ئەو سنوورەی بۆ ئادەم و حەوا بە فرسەت زانی) و ئینجا کەوتە فرێدانی وەسوەسەو خەتەرەو خەیاڵ بۆ ناو دڵ و دەروونییان تا ئەو عەیب و عارەیان دەربخات کە شاراوە بوو لێیان (دوایی خۆی ئاشکراکرد) و پێی وتن:- پەروەردگارتان ئەم درەختەی لێ قەدەغە نەکردوون تەنها لەبەرئەوەیە نەوەکو ببنە فریشتە، یاخود بۆ ئەوەیە نەوەکو لەنەمران بن !"[٨٩]، ئەو درەختەی لە ئادەم و حەوا قەدەغەکرا لە قورئاندا ناوی نەهاتووە کەوا چ جۆرە درەختێکە، لە هەندێك لە سەرچاوە ئایینییەکاندا ئەو قەدەغەکراوە بە (سێو) دادەنرێت و هەندێکجاریش بە (گەنم)، هەرچەندە زیاتر (سێو) لەگەڵ درەختدا

---

[٨٤]) بڕوانە : فەرهەنگی دەریا (عەرەبی – کوردی )، ب. ٢، ل. ١٣٣٤.

[٨٥]) بڕوانە : فرهنگ فارسی – کوردی، بابان، ل. ٢٦٠.

[٨٦]) Macmilan English Dictionary For Advanced Learners , p.50.

[٨٧]) شیعری کراوە لە ئەزموونی شیعری نوێی کوردیدا، سەڵاح حەسەن پاڵەوان، چ. ١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چا. ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠، ل. ٣١.

[٨٨]) قورئانی پیرۆز، سورەتی الأعراف، ئایەتی ٢٠.

[٨٩]) تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان، ل. ١٥٢.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

دەگونجێت نەك (گەنم)، لەشیعری کوردیدا ئاماژە بۆ گەنمیش کراوە وەك ئەو هۆکارەی چارەنووسەی ئەو دووانەی پێگەیشت، ـ پیرەمێرد ـ یش لەمبارەیەوە دەڵێ:

بەڵام هەرچی بێ ئادەمیزادم

گەنمم خواردووە، سستە بونیادم          دیوان: ٤٠٨- ٤٠٩

کەواتە شاعیر هۆکاری بێدەسەڵاتی خۆی وەك ئادەمیزادێك بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە، کەوا لە بڕیارو فەرمانی خودای گەورەی لاداوەو گەنمەکەی خواردووە، ئەو لادانە هێزو توانای لێبڕیووە، بۆیە داوای هێزو پشتیوانی لە خودا دەکات.

هەندێکجار لە ژیانی ڕۆژانەماندا، هەستدەکەین هەندێك مرۆڤ ئەوەندە خراپەکار دەبن، کەوا ڕەفتاری شەیتان هەڵدەگرن، لەمبارەیەوە پیرەمێرد داوا لە خودای گەورە دەکات پشتیوانی بکات و ڕێگە نەدات بەو کەسانەی وەك شەیتانن لەسەر ڕێگەی ڕاست لایبدەن:

خوایە ئەم ڕێیەی منی لەسەرم

شەیتانی زۆرەو خەتەر لەبەرم          دیوان: ٣١١

هەر لەبارەی (شەیتان) و هەڵخەڵەتاندنی باوەڕدارانەوە، دەتوانین بڵێین:" یەکێکی تر لەو بەڵگانەی بەکارهێنراون بۆ سەلماندنی بوونی خودا، ئەو بەڵگەیەیە کە فەیلەسوفی گەورەی ئەڵمانی (ئەمانوئێل کانت) بەکاریهێناوە، ئەویش ئەو سیفەتەیە کە لەناو دەروونی ئادەمیزاددا جێگیرەو پاسەوانیی ڕەوشت دەکات"[(٩٠)]، واتە مرۆڤ بەبێئەوەی هیچ کەسی لێوە دیاربێت هەست بەوەدەکات چاودێرێکی بەسەر سەرەوەیەو هەوڵدەدات لە ڕەفتاری جوان لا نەدات، ئەو هەستەش بە لای ئەو فەیلەسووفەوە وا لێکدەدرێتەوە کەوا هێزێکی باڵا بوونی هەیە، کەوا مرۆڤی باوەڕدار لە هەنگاوەنیدا بیر لە سزاو ڕەزامەندییەکانی ئەم دەکاتەوە، ئەو هێزە باڵایە دیارە خودای تاك و تەنهایە.

هەر لەمشێوەیە دەبینین ـ پیرەمێرد ـ لە دێرە شیعرێکدا سەرچاوەی کارە جوانەکان بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کەوا خودا ڕێگەو ڕێنیشاندەرەوە، بەڵام هەر بەدکارییەك مرۆڤ خۆی ئارەزووی ئەنجامدانی نەکات، ئەوا هیچ هێزێك ناتوانێت پێی ئەنجامبدات:

هەر تۆ ڕەهبەری لە کاری چاکا

(بەدی) یش خۆم نەیکەم ، هیچ کەس پێم ناکا   دیوان: ٣٠٦

ئەو بۆچوونەی لەم دێرە شیعرەدا دەبنیرێت قسەی زۆر هەڵدەگرێت، و زۆرجار ئەو پرسیارە بە بیرو هۆشماندا دێت، ئایا بەدکاری شتێکی خۆڕسکە لەمرۆڤدا، یان لە دەوروبەر وەریدەگرێت و دەبێتە مرۆڤێکی بەدکار؟ شاعیر لێرەدا وای بۆ دەچێت کەوا خودا ڕێگەی ڕاست و دروست پیشانی مرۆڤ دەدات و مرۆڤ خۆی دەتوانێت ڕێگر بێت لە ئەنجامدانی خراپەکاری.

---

(٩٠) بوونی خوا، شێخ الإسلام د. یوسف القرضاوي، و. حسن پێنجوینی، پێداچوونەوەی قانع خورشید، ل. ١٢٩.


e-ISSN (2522-7130)          p-ISSN (2410-1036)

**مردن و ژیانی ئەو دونیا:**

لە بەشی پێشووی لێکۆڵینەوەکەدا، ئاماژەمان بە قەزاو قەدەرو مردن کرد، دیارە مردن چارەنووسی هەموو بوونەوەرێکەو ئەوەی ببێت دەبێ بشمرێت، پیرەمێرد ڕەخنە لەو کەسانە دەگرێت کەوا بەهۆی چاوچنۆکییان لە ژیاندا لە خوداپەرستی دوور دەکەونەوە، و بێئاگان لەوەی مردن لە ناکاو دێتە ڕێگەیان و ئەوەی لە ژیاندا بەدەستییان هێناوە لە ناو گۆڕدا بەهانایان نایەت:

**تەماع پارەیان پێ کۆ بکاتەوە**

**هەتا لە تۆیان دوور بخاتەوە**

**لە پڕ مەرگ حاڵی دنیا ئەگۆڕێ**

**خۆ دیارە پارە ناچێتە گۆڕێ** دیوان: ٣٣١

کەواتە پێویستە بەردەوام ئەوەمان لەپێش چاو بێت کەوا مردن چارەنووسی هەموومانە، و کۆکردنەوەی ماڵ و سامان بۆ دوای مردن بەهانامان نایەت، ئەوەی بەهامان بێت تەنها ڕەزامەندی خودا گەورەیەو پێویستە هەرگیز لە یادی ئەو دوور نەکەوینەوە.

## ئەنجام

لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەچەند ئەنجامێك گەیشتین، کە دەتوانین گرنگترینییان لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا کورت بکەینەوە:

١. لەم چەند قەسیدەیەی پیرەمێرد دا کە ناونیشانی (ناڵەی پیری پیران) هەڵدەگرن، بیروباوەڕێکی پتەوی ئایینی بەرچاو دەکەوێت، و گشت بنەماکانی باوەڕی ئیسلامی تێدا دەبینرێت.

٢. پیرەمێرد وەك موسوڵمانێك باوەڕی بە بوونی خودایەکی تاك و تەنها هەیەو هەر ئەویش بە پشت و پەنا دەزانێت، بۆیە هەردەم ڕووی پاڕانەوەی تێدەکات و خوێنەرانیش هاندەدات بۆ ئەم مەبەستە.

٣. دەربڕینەکانی پیرەمێرد هەرچەندە سادەو ساکار دەردەکەون، بەڵام هەریەکەیان وەڵامێکن بۆ پرسیارێکی فەلسەفی و دەکرێت لە ژێر سێبەری (فەلسەفەی ئایین ) دا لێکبدرێنەوە.

٤. چەند وتەو دەربڕینێك لە شیعرەکاندا بەرچاو دەکەون کەوا لەگەڵ بیروڕای فەیلەسووفاندا یەکدەگرێتەوە، ئەمەش ڕادەی ڕۆشنبیری و بەهێزی بیرو هزری ئەو شاعیرە دەردەخات.

٥. بۆ لێکدانەوەی بیرو هزرە فەلسەفییەکانی پیرەمێرد، دەبێت ڕەچاوی ماوەی تەمەن و ژیانی شاعیریش بکەین، واتە هەرچەندە ئەو بابەتانە بەلای ئێمەوە سادەو ساکاریش بێنە بەرچاو، دیارە بۆ سەردەمی ژیانی پیرەمێرد بابەتی فکری زۆر بێوێنە بوون و کەم کەس توانای ئەوەی هەبووە قسە لەسەر ئەم بابەتانە بکات.


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## سەرچاوەکان

- قورئانی پیرۆز

### أ. بە زمانی کوردی:


١. ئەدەبیاتی نوێی کوردی، دکتور عیزەدین مستەفا رەسوول، مطبعة التعليم العالي، اربيل، ١٩٩٠.

٢. بوونی خوا، شێخ الإسلام د. یوسف القرضاوي، و. حسن پێنجوینی، پێداچوونەوەی قانع خورشید، چ. ٢، پرۆژەی بیری میانرەو، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی هەورامان، ٢٠١٢.

٣. تەفسیری کوردی لە کەلامی خوداوەندی، مەلای گەورە (مەلا محمدی کۆیی)، ب. ٨ ، نووسینگەی حەمدی بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن، سلێمانی، چا. حەمدی، ٢٠٠٩.

٤. تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان، بورهان محەمەد أمین، پێداچوونەوەی لیژنەیەك، چ.٢، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ڕۆشنبیر، سلێمانی – هەولێر، تهران، نقش و نگار، ٢٠٠٤.

٥. جوانکاریی شیعری نوێی کوردی، د. ئیدریس عەبدوڵڵا، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠١٢.

٦. داهێنان و مەرگ، لێکۆڵینەوە، سەلاح حەسەن پاڵەوان، لە چاپکراوەکانی پرۆژەی یانەی قەڵەم، چاپی دووەم، چاپخانەی یاد.

٧. دیوانی پیرەمێرد، کۆکردنەوەو ساغکردنەوەی: فایەق هۆشیار، مستەفا ساڵح کەریم، مەحمود ئەحمەد محەمەد، محەمەد نوری تۆفیق، ئەحمەد زرنگ، لەسەر ئەرکی کتێبخانەی ئارام لە چاپ دراوە، ٢٠١٦.

٨. سەرەتایەك لە فەلسەفەی کلاسیکی یۆنان، حەمید عەزیز، لە بڵاوکراوەکانی کتێبفرۆشی سۆران ـ هەولێر، ٢٠٠٥، چ. ٢.

٩. شیعری کراوە لە ئەزموونی شیعری نوێی کوردیدا، سەڵاح حەسەن پاڵەوان، چ. ١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چا. ئاراس.

١٠. فەرهەنگی دەریا (عەرەبی ـ کوردی )، ب. ١، ئا ـ: رزگار کەریم، ناشر ـ: نەشری ئیحسان، کتابخانه ملی إیران، تهران، ١٣٨٥.

١١. فەلسەفەی ئایین، فەلسەفاندنی چییەتی و پێکهاتەکانی ئایین، نەوزاد جەمال، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپخانەی سەردەم، کوردستان، سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠١٦.

١٢. قەزا و قەدەر، ناصری سوبحانی، ئامادەکردنی سالم سەعید بێستانی، چ. ١، ٢٠٠٧.

١٣. قوتابخانە فەلسەفییەکان، میهرداد میهرین، وەرگێڕانی سیدۆ داود عەلی، لە بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، ٢٠٠٩.

١٤. مێژووی ئەدەبی کوردی (مێژوو، ئەدەب، زانیاری)، نووسینی مامۆستا عەلائەددین سەججادی، بڵاوکراوەی کوردستان، سنە، ١٣٨٩ هـ .

١٥. نووسین و بەرپرسیاری، ڕێبوار سیوەیلی، چاپ و بڵاوکردنەوەی چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٦.




e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**گۆڤار:**

١٦. دەربارەی چەمکی خودا لە ئایینەکان و قۆناغی بەر ئایینەکاندا، نەوزاد جەمال، گ. کەوانە، ژ. ٣، ساڵی یەکەم، ئەیلولی ٢٠١١.

١٧. نوح و کەشتیەکەی و چیای جوودی، غفور میرزا کەریم، گ. رۆشنبیری نوێ، ژ. ١٢٤، کانونی یەکەمی، ١٩٨٩، ل. ١٨١.

**بە زمانی عەرەبی:**

١. قراءة جديدةو رؤية في قصص الأنبياء، عمرو خالد، ط. ٢، دار المعرفة للطباعة و النشرو التوزيع، بيروت ـ لبنان، ٢٠٠٦.

٢. قصص القرآن، عمرو خالد، الدار العربية للعلوم ناشرون، بيروت- لبنان، الطبعة الأصلية الأولي، مطابع الدار العربية للعلوم، ٢٠٠٩.

٣. الكتاب المقدس، كتاب الحياة، أي كتب العهد القديم و العهد الجديد، و قد ترجم بلغة عربية حديثة، تم جمعه في جي. سي. سنتر، ط. ٤، مصر الجديدة، القاهرة، ١٩٩٤، كتاب التكوين.

٤. المورد، قاموس إنكليزي ـ عربي، منير البعلبكي، ط. ٤٩، دار العلم للملايين، بيروت، ٢٠٠٥.

**بە زمانی فارسی:**

- فرهنگ فارسی ـ کوردی، بابان، شکرالله بابان، چاپ أول، انتشارات کردستان، سنندج، إیران، نوبت ١٣٨٣ هەتاوی.

**بە زمانی ئینگلیزی:**

- Macmilan English Dictionary For Advanced Learners, New Edition, Free online access, Cover design by Boag, London, United Kingdom, Printed, and bound in China .

**بە زمانی عەرەبی:**

- أطلس الفلسفة، بيتر كونزمان، فرانز– بيتر بوردكارد، ترجمة: د. جورج كتورة، المكتبة الشرقية، بيروت – لبنان، ٢٠١٢، ل. ١٩٧– ١٩٨.

**پێگەی ئەلکترۆنی:**

www.st-takla.org Al-Ketab-Al-Mokaddas .

God_in_Islamwww.en.wikipedia.org

www.en.wikipedia.org/wiki/God_in_Islam

www.uaearab.com asma_alhusna



e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

أرسطو .. و ماهية الله، عبير عبدالرحمن، Abeerabulrahman/ www.facebook
فلسفة الدين، www.ar.m.Wikipedia.org
الله عند أفلاطون، شركة مفكرة الإسلام، www.islammemo.cc
ويكبيديا، الموسوعة الحرة، الله www.wikipedia.org

**خلاصة البحث**

**في ( نالةي بيري بيران – بيرةميرد) في ظل فلسفة الدين**

**دراسة الفلسفية النقدية**

في نهاية القرن الثامن عشر ظهر (فلسفة الدين) كنوع من الفلسفة. فلسفة الدين يعتمد على العقل في تحليل المعتقدات المقدسة و الدينية، فلاسفة الدين يعتقدون بأن هناك بعض الموضوعات التي يتم اتباعها من قبل أتباع الأديان المختلفة مثل وجود الله، الصلاة من أجل الله، أنواع الأديان، إلهام، و المعجزات، لابد من دراستها.

و (بيرةميرد) كالاديب و المفكر يعرض أفكاره بخصوص تلك المعتقدات وهو ما يمكن ملاحظته في المجتمع الكردي. وهو يحاول توضيح حقيقة وغير واقعية من تلك المعتقدات مع الأدلة، على سبيل المثال في هذا النص (نالةي بيري بيران) يتحليل و يشرح معتقدات الدينية بدقة التي تم ذكرها من قبل.

هذه الدراسة يتكون من ثلاثة فصول الرئيسية: -

فصل الأول هو تعريف العام للفلسفة الدين. الفصل الثاني عن عناصر الدين و آثارها. الفصل الثالث تجري البحث عن عناصر فلسفة الدين في النص (نالةي بيري بيران).

و أخيرا يأتي قائمة المراجع و الملخص باللغتين العربية والإنجليزية.

# Abstract

## Peramerd's ( Nalay Pery peran) In the Philosophy of Religion
## A Critical Philosophical Study

At the end of eighteenth Century the term ( religion ) appeared as a type of philosophy. It depends on mind in analyzing Sacred and religious beliefs, The Philosophers think that there are Some Subjects that are followed by the followers of Different Religions Such as existing God, praying for God, the reality and types of religions, inspiration, miracles and So on.

Peramerd as a cultured Shows his thoughts Concerning those Unreal and Wrong beliefs Which Can be Seen in Kurdish Society. He tries to Clarify the reality and unreality of those beliefs with evidence, for example in this text ( Nalay Peery Peran) He analysis and explains accurately those Religious beliefs that have been explained before.

The Study Comprises three Main Chapters:-

Chapter one is on a General introduction of the philosophy of religion.

Chapter two is about the elements of religion and their effects.

Chapter three conducts the elements of the philosophy of religion in the text ( Nalay Peery Peran) by Peramerd.

Finally, the list of references and the abstract in English and Arabic are following.



e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)